# کوردستانی عێراق

## سیماکانی کۆمەڵگای پاش جەنگی ناوخۆیی



وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:

پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی /٢٠٢٢

# کوردستانی عێراق : سیماکانی کۆمەڵگای پاش جەنگی ناوخۆیی

**نووسینی : پرۆفیسۆر دکتۆر میشێل لیزەنبێرگ**

*کوردستانی عێراق پاش ئەوەی لەپاش جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا، بووە ناوچەیەکی تۆتۆنۆم، ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەی گرتەبەر. هەرچەندە، زۆربەی ئەو گرفت و نارەحەتییانەی رووبەڕووی عێراقی پاش سەدام بووەوە، هاوشێوەی ئەوانەیە کە لەسەرەتای نەوەتەکاندا رووبەڕووی کوردستانی عێراق بوونەتەوە، ناتوانرێت ئەزمونی باکوور بەشێوەیەکی میکانیکی وەک مۆدێلێک بۆ تەواوی وڵاتەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەم نووسینە بەدواداچوون بۆ ئەو پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییانە دەکات هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە، هەروەها ئەو ئەنجامگیرییەش دەکات کە زۆربەی ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی ناجێگیریی لەباکوور لەساڵانی ١٩٩٠ەکان ئەمڕۆکە لەباقی دیکەی عێراقدا هەیە. ئەوەش خۆی لەبەکارهێنانی توندوتیژییدا دەبینێتەوە بۆخولقاندنی گرژیی و دژواری ئیتنی و مەزهەبیی لەپێناو بەدیهێنانی دەستکەوتی سیاسییدا، هەروەها پشتبەستن بە دابەشکردنی ناوەندیی خۆراک، لەگەڵ دەستێوەردانی بێگانە. هەروەک لەساڵانی ١٩٩٠ەکاندا، تورێکی مەحسوبییەت و توێژی وابەستە دەرکەوتن کە کەوتە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی. ئاوەدانکردنەوەی پیشەسازی نەوت و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکەی لەرووی جیۆگرافییەوە، دەشێت ئاسۆی ئاشتییەکی رێژەیی بێنێتەدی، بەڵام ئەمە مسۆگەرنابێت ئەگەر پرسەکانی وەک ئاسایش و بەشداریی راستەقینەی سیاسی و بێکاریی بەکۆمەڵ و مەحسوبییەت چارەسەر نەکرێت.*

لەیەکەمین سەرنجدا، واپێدەچیت کە کوردستانی عێراق چیرۆکی سەرکەوتنی نیولیبرالیزم لەکوردستان بەرگوێ کەون، ئەو ناوچەیەی کە بۆماوەی چەندین دەیە، ناوچەیەکی هەژارو دواکەوتوو و پڕململانێ و ناکۆکیی وڵاتەکە بوو، ئەم ناوچەیە تاڕادەیەکی زۆر

وەک ناوچەیەکی زۆر جێگیرو ئارام و گەشەسەندوو دەرکەوت. لەساڵی ١٩٩١ەوە بەرەو سەر، وەک ناوچەیەکی سەربەخۆی دیفاکتۆ لەباکووری عێراق و لەسایەی پاراستنی نێودەوڵەتییەوە دەرکەوت، ئەوەی وێڕای دەستێوەردانی دەرەکیی و شەڕی ناوخۆ، لەرووی ئابوورییەوە گەشەیکرد، بەتایبەت پاش دەستپێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٧دا.

کوردستانی عێراق پێشتر لەماوەی چەند دەیەیەکی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردیی و هەروەها لەماوەی جەنگی عێراق- ئێراندا ناڵاندوویەتی و هەروەها لەپاش جەنگی کەنداویش لەساڵی ١٩٩١دا، بەڵام لەجەنگی ساڵی ٢٠٠٣دا، هیچ زیانێکی پێ نەکەوت، تەنیا مەیدانی جەنگی سەرەکیی لەناوچە شاخاوییەکەی نزیکی خورماڵ بوو لەسەر سنووری عێراق- ئێران، کاتێک بۆمبارانکردن لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمەریکییەوە، زەمینەی بۆ رەخساند بۆ هێرشی زەمینی دژی بنکە لۆکاڵییەکانی ئەنسارولئیسلام.[1] هەرچەندە ئەو ئۆپەراسیۆنەو ئەوانەی دیکە زۆر بەدەگمەن کاریگەریی لەسەر دانیشتووانەکە هەبوو. تەنانەت شارەکەی کەرکوک کە ململانێی لەسەر بوو، بێ روودانی شەڕی گەورە کەوت. لەوەش زیاتر، گرتنی ئەو شارە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە، نەبووە هۆی ئەو پێکدادنە مەترسییدارە چاوەڕوانکراوە لەنێوان پێشمەرگەو سوپای تورکییدا و تەنانەت نەشبووە هەڵگیرساندنی توندوتیژییەکی نێو- ئیتنیکی. پاشتر دەسەڵات درایە دەست ئەمریکییەکان و هەروەها هەوڵەکانی دامەزراندنی حکومەتێکی پلوراڵی لۆکاڵی تارادەیەکی کەم سەرکەوتنێکی رێژەیی بەدەستهێنا.

زۆربەی ئەو گرفت و کێشانەی رووپەڕووی عێراقی پاش سەدام بوونەوە بەشێوەیەکی ترسناک هاوشێوەی ئەوانە بوو کە لەسەرەتای نەوەتە١٩٩٠کاندا روبەڕووی کوردستانی عێراق بوونەوە، هەوڵەکان بۆدامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی جێگیر، قەڵاچۆکردنی ئەو کەلتورە تۆتالیتارییەی سێ دەیە کەڵەکە ببوو، هەروەها دەستێوەردانی دەرەوەش لەوڵاتانی دەوروبەرەوە، بۆنموونە، تەنانەت ئەو کاولکارییە

ئابوورییەش لەو جۆرەی لەعێراق پاش جەنگی ٢٠٠٣ بینرا کە تاڵانکردنی دەزگاکانی کارەبا و بڕینی بۆری ئاو و ئەو پەلامارانەی کرانە سەر ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و وێرانکردنی رێگای هاتوچۆی نەوت، بۆهەرکەسێک شتێکی نوێ نییە کە ئاگای لە پەرەسەندنی رووداوەکانی کوردستانی عێراق بێت لەنەوەتەکاندا. ئەو پەرەسەندنانە هەڵبژاردنە لۆکاڵییە رێژەییە سەرکەوتووەکەی ساڵی ١٩٩٢ش دەگرێتەوە، ئەوەی دوو حیزبی تێدا سەرکەوتن کە پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ینک) بوون کە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە رێبەریی دەکرا، دارِزانی چەسپاوی دەزگا هەڵبژێردراوەکان بەدابەشکردنی توندی فیفتی فیفتی کورسییەکانی پارلەمان و پۆستەکانی حکومەت، هەڵگیرساندنی چەند خولێکی شەڕی ناوخۆ لەنێوان ینک و پدک لەمایسی ١٩٩٤دا، کە ئاگرەکەی بەدەستێوەردانی حکومەتی بەغداو وڵاتانی دراوسێ کڵپەی سەند. پاش کۆتایی شەڕەکەش، بەدیهاتنی جێگیریی سیاسی بۆ دوو دەوڵەتۆکەی بچووکی تاکە حیزبی لەژێر کۆنترۆڵی پدک و ینک بەشێوەی جیا. ویڕای بەردەوامی گەمارۆی یوئێن لەسەر عێراق، لەسایەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، ئابوورییەکی گەشەسەندوی بەرچاو سەریهەڵدا.

لەکاتی ئێستادا (ساڵی ٢٠٠٥/ وەرگێڕ)، کوردستانی عێراق ماوەیەکی زۆرە قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی تێپەڕاندووە. ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی بنەڕەتی هەتاوەکو ئێستا لەعێراق بەگشتی دەستپێنەکردووە، ئەوەی لەباکووری کوردان لەکاتی دامەزراندنی قەوارە سەربەخۆ دیفاکتۆکەی ساڵی ١٩٩١ەوە، پێشکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە. ئەمڕۆ دەزگاو بەنیادە ژێرخانییەکان وەک خوێندنگاو بایەخە تەندروستییەکان، هەرچەندە لەهەموو جیهاندا کواڵیتی نایابیان نییە، بەڵام بەگوێرەی ستاندەرە هەرێمییەکان تەواو باشن. هەواڵی ئەوە هەیە کە کوردان بۆ چارەسەریی لەتورکی دراوسێوە دێنە عێراق کە لەبندەستی کوردانە، ئەوەش بەهۆی باڵادەستی دەزگاکانییەوە.

هەربۆیە ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێشە کە بەشێوەیەکی میکانیکی مامەڵە لەگەڵ ئەزمونی باکووردا بکرێت وەک ئەزمونێک بۆ عێراق بەگشتی، تەنانەت وەک بنەمایەکی خۆشبینانەش لەم رووەوە.[2] مەترسیگەلێک سەبارەت بە زێدەڕۆیی لەم هاوشێوەیی و بەراوردەدا هەیە، هەرچەندە کە جیاوازیی نێوان کوردو بەشەکانی دیکەی عێراق ناکرێت پشتگوێ بخرێن. یەکەم: هەرچەندە کوردان هێندەیان هۆکارهەیە کە وەک هەر عێراقییەک لەمەبەستی ئەمریکییەکان نیگەران بن، بەڵام کوردان لەرووی ئایدۆلۆژییەوە هیچ کات دژە ئەمریکی نەبوون. بوونی هاوپەیمانەکان ئەو ئەرکەی لەڕووی پاراستنەوە لەئەستۆیانە، هەتا ئێستاش لەکوردستانی عێراق کەمترێن مشتومڕیان لەسەرە تاکو لەباقی دیکەی شوێنەکانی عێراق. هیچ کات ئەو بەرگرییە چەکدارانەیەی بەو شێوەیەی ئێستا لەباشووری عێراق دەیبینی، لەکوردستاندا نەبووە. لەوەش زیاتر، ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ لەباکوورە کوردییەکە بەشێوەیەکی رێژەیی لاوەکیی بوو، لەگەڵ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک نابێ فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەساڵانی نەوەتەکاندا پشتگوێ بخرێت، ئەوەی لەدەمی جەنگی ٢٠٠٣دا تێکشکێنرا. هەرچەندە لەعێراق بەگشتیی ئەوە تەنیا شێوەی بڵاوی دیسکۆرسی سیاسی نییە، بەڵام ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەبوونی ئۆپۆزسیۆن دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزە بیانییەکانی دیکە لەنێوان دانیشتووانی شیعەو سوننەی عەرەب.

لەو دۆخە توندوتیژەی عێراقی پاش سەدام، پرسی ئەوەی ئاخۆ دەتوانرێت وڵاتەکە بکرێتە وڵاتێکی دیموکراتیکی لیبراڵ لەسایەی حوکمی یاسادا ببووە باسێکی ئەکادیمی زێدە. لەماوەیەکی کورتدا، پرسی ئاسایشی گشتیی زیاتر شتێکی بایەخپێدراو گرنگە، بەڵام تەنانەت لێرەش، رەوشەکە کەمتر ناجێگیرەو پێشبینی نەکراوە. لەبەرئەم هۆیە خۆم لەباسکردنی هەر سیناریۆیەک دەبوێرم کە بشێت بۆ عێراقی ئایندە، لەبەرئەوە مشتومڕی خۆم بۆ باسی سیما بونیادییە بەردوامەکانی ئێستای کوردستانی عێراق تەرخان دەکەم، بەتایبەت باسی ئەوەدەکەم کە ئایا کاریگەری بەردەوامی جوڵانەوەی

چەکدارانەی چەندین ساڵەی کوردو سەرکوتکردنی و هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران و جەنگی کەنداو و راپەڕین و ئەو گەمارۆیەی رژێم کە بەدوایداهات، لەگەڵ شەڕی ناوخۆی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٤ دەستیپێکرد هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٧. کوردستانی عێراق بەتوندی بە ئابووری پەرەگرتووی عێراقەوە گرێدراوەو تەنانەت لەرووی سیاسی و سیستمی حوکمڕانیشەوە. هەروەها لەهەندێک رووی دیکەوە، تەنانەت لەپاش ساڵی ١٩٩١و دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەرییە کوردییە دیفاکتۆکە. لەبەرهۆی پابەندبوون بەبواری دەرفەتی نووسینەکە، زۆر گفتوگۆ لەسەر کاریگەرییەکانی پێش ساڵی ١٩٩١ناکەم، هەروەها پاش ساڵی ١٩٩١یش بەدرێژیی ناچمە نێو رووداوەکان، تەنیا سەرنجی خۆم لەسەر پەرەسەندنە هەرێمییەکە چڕدەکەمەوە.[3]






پەرلەمانی کوردستان - عێراق
برلمان كوردستان - العراق
Kurdistan Parliament - Iraq



زۆربەی جار، دەوڵەتە بەرهەمهێنە نەوتییە دەوڵەمەندەکان شتێکی ناوازە سەبارەت بە لایەنە تیۆرەکانی وابەستەیی پیکدەهێنن، ئەوانەی پێیان وایە کە ئابوورییە وابەستەکان یان پەراوێزییەکان لەیەکەم سەرمایەی جیهانییەوە وەرگیراوەو لەلایەن ئەویشەوە بەمەبەست بەهەژاریی هێڵراوەتەوە. بەگشتی عێراق پێگەیەکی نائاسایی لەنێو وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا هەبوو، ئەو دەوڵەتێکی تاڕادەیەک بەهێزی هەبوو، بیرۆکراتیەتێکی تۆکمەو هەروەها حکومەتێکیش کە بەهۆی زێدەبوونی داهاتی نەوتییەوە بەشێوەیەکی رێژەیی لەکۆمەڵگا دابڕابوو. بەو شێوەیە ئەوە هاتەدی کە شرۆڤەکارە سونەتییە مارکسییەکان بە (دەوڵەتی رێنتیر rentier state) ناوی دەبەن، ئەوەی داهاتەکەی لەسەرمایەی بێگانەو لەرێگەی هەناردەکردنی مادەی خاوەوە دێت، وەک لەوەی بەرهەمێک بێت کە زادەی چالاکی چینی کرێکاری خۆی بێت. هەرچەندە جیاوازییەکانی عێراق و وڵاتانی رێنتیری دیکە، تەنانەت وڵاتە هەرێمییەکانی دیکەی وەک سوریاو میسر، هەروەک لیکچوونەکانیان گرنگییان کەمتر نییە. [4] بەگشتی، رێبازی ئابووری سیاسی کلاسیکی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کەوەک هێزیکی بێ گرێوگۆڵی دیارییکراو بەرجستەی ئابووری دەکات و لەوەزیاتر نییە کە هەیە. بۆ نموونە، فالح عەبدولجەبار مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکات کە دەوڵەتی رێنتیر، سیاسەتەکانی دەرەوەی بەشێوەیەکی دوژمنکارانە دەگرێتەبەر نەک بەئامرازی دپلۆماسی.[5] هەرچەندە، وڵاتی عەرەبی سعودیی و شانشینە بچووکەکانی کەنداو زیاتر لەعێراق وڵاتی رێنتیر بوون. لەگەڵ ئەوەش، هێشتا سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکییەوە کەمتر لەعێراق توندوتیژترو وێرانکەرتر بوون. هەربۆیە پێوستە واسەیری بەکارهێنانی سیستماتیکی توندوتیژیی عێراق بکرێت لەناوخۆو دەرەوە، نەک لەکلاورۆژنەی سیاسی و ئابووری و قازانجخوازییەوە، بەڵکو وەکو شێوازێکی حوکمڕانیی کە بناغەی خۆی لەسەر چەمکەکانی سەروەریی و ناپاکیی و سیخوڕیی بەرجەستەدەکات،

ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی، زادەی هەنگاوە کردارییەکانی ستالینیزمە.

بەهەمان شێوە، شرۆڤەکاری بایەخداری وەک (چودری Chaudhry) لەشرۆڤەی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی عێراق جەخت لە چارەسەری تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی عێراق لەگشتگیرییەکانی ئابووری هاوچەرخ و رژێمە سیاسییەکە دەکاتەوە. چودری ئەو گریمانە باوە رەخنە دەکات کە دەوڵەتی عێراق لە ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا، بەهۆی سامانە نەوتییەکەیەوە پیویستی بە بنکەی کۆمەڵایەتی فراوان نەبووە. ئەو دەڵێت کە عێراق وێڕای هەموو دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی بەعس نەیتوانیوە هێزەکانی بازاڕی بەنێودەوڵەتییکراو کۆنترۆڵ بکات یان رێکبخات، هەروەها چۆن نەیتوانیوە، بۆنموونە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی، سەرمایەی عێراقییەکانی دانیشتووی هەندەران لەماوەی ١٩٩٠کاندا کێشبکات.[6] بەگوێرەی ئەم شرۆڤەیە، دەوڵەتی عێراقیی لەهەمان کاتدا، تاکە پارێزەربووە لەدژی سەرمایەداری جڵەونەکراو و هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکیی چەوساندنەوەش لەخودی خۆیدا، ئەوەش وەک ئەو خانمە دەیبینێت، ناوەندەراییەکە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بەگشتی.(262 :2002)

بەئیلهام وەرگرتن لەرێبازێکی دیکە، مرۆ دەتوانێت مشتومڕی ئەوە بکات کە کوردستانی عێراق و عێراق بەگشتی، بەشێکن لە (پێکهاتەیەکی ململانێی هەرێمی) هەروەک ئەفغانستان و ناوچەی دەریاچە مەزنەکان یان قەرنی ئەفریقیی (cf Rubin, 2003) کە بەدرێژایی سنورەکانی دەوڵەت ململانێی نێوخۆیی سیاسی و ئابووری ، لاوازبوونی دەوڵەت یان رووخاندنی، ئابووری و تەنانەت دەوڵەتی سێبەریشی بەخۆوە بینیوە. بیرۆکەی پێکهاتەی ململانێی هەرێمیی، وەک پارسەنگێک بۆ رێبازەکانی لایەنگری دەوڵەتە زیاتر تەقلیدییەکان پێشکەش دەکرێت. پێدەچێت ئەم رێبازە بۆ عێراق بەرهەمدارتر بێت. بەڵام نابێت کە تاڕادەیەک سیما زێدە جیاوازەکانی پشتگوێ بخرێت. یەکەم، دەوڵەت لەعێراق (هەروەک ئێران و تورکیای دراوسێ) بەشێوەیەکی تەقلیدیی بەهێزو تۆکمەو

ناوەندگەرایە، دووەم، هەروەک لەخوارەوە روونیدەکەمەوە ، ژێرخانی پشتبەستوو بە پیشەسازی نەوتیی قازانجبەخش لەعێراق، لەرابردوودا هاندەرێکی سەرەکی بووە بۆ حوکمی شێوە دەوڵەتی جێگیر.

دەبێت کارەکتەری دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی سەدامدا چی بێت؟ بیرۆکەی باو ئەوەیە کە ئاراستەی دەوڵەتێکی ستالینی تاکە حیزبی تۆتالیتاری خاوەن دەزگای بەرفراوانی چاودێریی و سەرکوتکردن بووە کە تاوەکو سالانی ١٩٩٠ەکانیش تۆکمە و بەهێزبوون. هەرچەندە، بەپێچەوانەی ستالینەوە، سەدام پەیوەندییە خۆجێی و بەتایبەت خیڵەکیی و خێزانییەکانی لەدەزگاکانی دەوڵەتدا دانەبڕی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خزمە دوورز نزیکەکانی بڕبڕەی پشتی نەک هەر رژێمەکەیان پێکدەهێنا، بگرە کرۆکی بژاردە سیاسی ئابوورییە نوێیەکە بوون. ئەم جۆرە حوکمڕانییە، بەشێوەی چەندبارە، لەگەل ئیدارە خێڵەکیی و مافیاییەکان بەراوردکراوە (بۆ نموونە بڕوانە: ( Perthes, 2002: 278.

رێگەیەکی دیکە هەیە کە تێیدا خێڵگەرای لەدەسەڵاتی عێراقیدا گرنگە، پێدەچێت بەتایبەتی لەشارەکاندا ئەو چڕکردنەوەی رەهاو بەردەوامەی دەسەڵات و دەزگا چاودێریی و سەرکوتکارەکانی، لەگەڵ ئەو وێنایەی خودی بەعس هاوجووت بێت کە دەیویست پێشانییبدات. بەڵام بەرجەستەکردنی راستەقینەی پەیوەندییەکانی هێزو دەسەڵات هەمیشە ئالۆزتربوو، بەتایبەت لە لادێکاندا. لەسالانی ١٩٨٠کاندارژێم لە باکوورە کوردییەکە، قەوارەی شیوە خێڵایەتیی نەک هەر بەهێزکرد، بەڵکو داشیمەزراند، ئەوەش وەک ئامرازێک بۆ پێکهێنانی سوپای غەیرەنیزامی بۆ گوندو لادێکانی باکووری کوردیی زیاتر لەوەی ئارەزووی بەکارهێنانی سەربازی عێراقی بێت لەوجەنگەی لەگەڵ ئێران هەیبوو. لەسەرەتای ١٩٩٠کاندا، ئەم سیاسەتەی بوژانەوەی خێڵگەرایی کە بەشیوەیەکی رێژەیی خزابووە قۆرخکاریی دەوڵەت بۆ توندوتیژیی، بۆ تەواوی عێراق پەلیکێشا. [7]

لەپاش ساڵی ١٩٩١، عێراق لەسایەی سەدامدا، سەرمایەداری مەحسوبییەتی crony capitalism پەرەپێدا، کە تێیدا بژاردەی ئابووری بەشێوەیەکی هەندەکیی خۆی دەبینییەوە لە تۆڕە خێڵەکییەکان و یان ئەوانەی هاوشێوەی مافیا دەپارێزران، ئەوانەی کە دەیانتوانی هێز بۆ پاراستنی بازاڕەکانیان بەکاربهێنن. لەزۆربەی رووەکان، لەباکووره کوردییەکە، هەمان رەوش هەیە، بێگومان ئەوە تەواو نادادپەروەرانەیە کە بوترێت دوو ئیدارە کوردییەکە تەنیا هەمان مۆدێلی بەعسیان بەرهەمهێناوەتەوە، ژیان لەباکووری بندەستی کوردان، زیاتر مەترسیدارترە وەک لەو کاتەی لەبندەستی سەدام بوو. وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەو ئابوورییەکەی نێوانیان فرە رووی هاوشێوە دەردەخات.

ئاشتی و گەشەکردنی رێژەیی هەنوکەیی (ساڵی ٢٠٠٥/وەرگێڕ) کوردستانی عێراق شتێکی پێشتر نەبینراوە، تەنانەت مرۆ دەتوانێت پاش هەندێک پاساوهێنانەوە بڵێت: کە ئەم جێگیرییە زێدەتر لە ململانێی چەکداریی و دواکەوتوویی ئابووری وەک حاڵەتێکی ناوازە دەردەکەوێت. لانیکەم لەسەرەتای شەستەکانەوە، ناوچەکە بەتوندی بەچەندین شێوە یەک بەدوایەک و بەیەکداچوودا، لەژێر دۆخی ململانێ و پێکدادانی چەکداریی ناڵاندوویەتی. قۆناغە یەک بەدوا یەکەکانی شەڕی چەکداریی و سەرکوتکاریی، هەر لەساڵی ١٩٦١ەوە، کاریگەریی کردۆتەسەر ناوچەکە. هەروەها جەنگی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨لەگەڵ ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتیی، کاریگەریی کردۆتەسەر ناوچە سنوورییەکان، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی قەڵاچۆکردنی یاخیبوونەکە کەلەپاش جەنگەکە ئەنجامدرا، بووەهۆی وێرانبوونی هەزارەها گوندو تەنانەت چەندین شاری گەورەشی وەک هەڵەبجەو قەڵادزێ. تێکشکاندنی وەحشییانەی راپەڕین لەپاش جەنگی کەنداوی ١٩٩١، بووەهۆی کۆچی گەورەی بەکۆمەڵی دانیشتووان (ئەگەرچی بۆماوەیەکی کاتییش بوو) و تاڵانکارییەکی بەرفراوان. شەڕی نێوخۆیی حیزبە کوردییەکان لەماوەی ١٩٩٤-١٩٩٧ بووەهۆی پشێوی زێدەتر. ئەو پرسیارانەی لەخوارەوە قسەیان لەسەر دەکرێ ئەوەیە کە

ئایا ئەم گەشەکردنە هەنوکەییەی ناوچەکە بەدەر لەو ململانێیانە بووە یان بەهۆیانەوە؟ ئەم گەشەکردنەوە لەکوێوە دێت؟ چۆن لەنێوان خەڵکەکەدا دابەشکراوە، هەروەها ڕەوشی ئارامیی و ئاسایشی هەرێمەکە هەتا کەیە؟

بەلەبەرچاوگرتنی ڕابردووی توندوتیژی هەرێمەکە، شتێک کە درکی پێ بکرێت ئەوەیە، کە ئەو ململانێ توندوتیژو کراوەیە لادانێکی کاتیی نییە لەدۆخێکی سروشتی کۆمەڵگا وەک قەوارەیەکی مەدەنی بەڵکو وەک ریسکێکی بەردەوام یان ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی. ئێرە شوێنی مشتومڕێکی تیۆریی بەرفراوان نییە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەی وەک: تیۆری ئاکارو ئابووری و سیاسی و یاسایی، کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی بەرهەمدار وێناکراوە نەک لەسەر بناغەی ململانێ وەک تیۆرەکانی لیبراڵی دەیکات، بەڵکو وەک ئەوەی بێ کەم و زیاد ململانێ یان کاری دوژمنکارانە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەخۆدەگرێت.[8] لەمێژووی عێراقی نوێی پڕململانێدا، بەکارهێنانی نارەخنەییانەی ئەو ناکۆکییە لیبراڵە ڕواڵەتییانەی هەیە – لەنێوان ئابووری فەرمی و نافەرمی، لەنێوان حوکمی ڕەواو سەرکوتکاریی، لەنێوان بازرگانی یاسایی و قاچاخچێتی، هەروەها لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و تاواندا، پێدەچێت لەواقیعدا ببێتەهۆی پێشەکییەکی ڕوونی هەموو جۆرە گریمانە چەواشەکارییە پێوانەییەکان بۆ ڕەوایەتی.[9] لەنێو هەموو ئەوانەدا، ئەوە جێگیریی و ڕەوایەتی هەر دەسەڵاتێکە زیاتر لەهەر ململانێیەک یان گواستنەوەی دەسەڵات کە شرۆڤەی پێویستە. هەموو کات دەتوانرێت نەشتەر لە ڕەوایەتی ڕژێمی بەعس یاخود ئیدارە کوردییەکان بدرێت، ئەوە بێ لەهەژمونی میرە لۆکاڵییەکانی جەنگ و سەرکردە خێڵەکییەکان. پرسیاری ناوەندی سەبارەت بە ڕێبازەکانی ململانێ ئەوەیە، مە بۆچی ئەم ئاڵەنگارییانە تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەگمەن دەردەکەون. لەم ڕووەوە، ساڵانی ١٩٩٠ەکانی کوردستانی عێراق تاقیگەیەکی سەرنجڕاکێش بەڵام بێزارکەریش بوو، ئەوەی پێشانیدا کە چۆن بەخێرایی دەتوانرێت پەیوەندییەکانی دەسەڵات پێکبهێنرێتەوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا، هێشتا خەڵکە مەدەنییەکان

دەیانتوانی تارادەیەک بەئاسانی ئاڵەنگاری دەسەڵاتی میلیشیا چەکدارەکان یان پێشمەرگە بکەن، بەڵام هەر تەنیا پاش دوو ساڵ دواتر، لەکاتی شەڕی نێوخۆیی حیزبەکان، ئەوە بوو بە شتێکی زۆر گران و زەحمەت کە بەئاشکار بیکەن (ئەگەر مەترسیداریش نەبووبێت).

بەواتایەکی دیکە، لەنێو ئەم هەموو پێکدژییە، پرسیاری سەرەکیی ئەوە نییە کە کەی ئاڵەنگاریی دەسەڵات دەکرێت، بەڵکو چۆن دەسەڵات درک و وێنا دەکرێت، یان لەوەدا چەندە سەرکەوتوودەبێت کە خۆی وەک ئەوە پێشکەش بکات کە رەوایەتییەکی رەهایە؟ لەبەرئەوە، وەک ئامرازێکی شرۆڤەکاریی، تیۆرە وروژێنەرەکەی (چارلس تیلی Charles Tilly) بەکاردەهێنم، کە مرۆ هەر ئەوەنە لەپرسیاری رەوایەتی دوورکەوتەوە، ئیدی چالاکییەکانی دەوڵەتان و رێکخراوەکان و باندە مافیاییەکان و باندەکانی تاوانە رێکخراوەکان، زۆر جیاوازییان لێکتر نابێت. چالاکییەکانیش وەک باج و سەرانە سەندن و پارەوەرگرتن لەبەرامبەر پاراستن لەحاست مەترسییە راستەقینە یان وێناکراوەکاندا ( کە هەر لەوانەیە ئەو مەترسییانە لەلایەن خودی ئەوانەوە دروستبکرێت یان وێنابکرێت کە دواتر بەکاری پاراستنەکە هەڵدەستن). مافی دووەمیش ئەنجامدانی جەنگە یان بەکارهێنانی توندوتیژییە یاخود قۆرخکردنێتی بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لەنێوان دەوڵەتان و رێکخراوە تاوانکارییەکان شتێکی هاوبەشە، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە لەوەدا کە دەیکەن، بەڵکو لەوەدایە کە ئایا ئەو ماف و رەوایەتییەیان هەیە کە کاریکی ئاوا بکەن.









چارلس تیلی کۆمەڵناسی ئەمریکی

## سیاسەت و ئابووری لەساڵی ١٩٩١ەوە

ئابووری عێراق لەساڵانی ١٩٧٠کاندا، لەسەر شێوەی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیی بناغەی دانابوو، کە دەوڵەت ئاراستەی دەکردو نیمچە سۆشیالیستی بوو. لەسەرەتای ١٩٨٠کاندا، عێراق ئابووری جەنگی بەفۆرمە کلاسیکییەکەی پێشخست، زێدەبوونی دەستێوەردانی دەوڵەت و بەرهەمهێنانی پیشەسازی لەواقیعدا هێزی کاری تۆکمەکردو بەشداریی ژنانیشی هاندا. تەنانەت بێئەوەی مەبەستی بێت هانی ڕێکخراوە بازرگانە سەربەخۆکانیشی دا. هەرچەندە لەساڵی ١٩٨٣ەوە، لەبواری کشتوکاڵی و لەساڵی ١٩٨٧یشەوە سەبارەت بە پیشەسازیی ناو شارەکان، ڕژێم بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشت کە ئابووری دەوڵەتی هەڵوەشاندەوە، تەنانەت پێش قەیرانەکەی ساڵی ١٩٩٠ و ئەو جەنگەی بەدوایدا هات، دەوڵەتی ڕەفاهی عێراق بەقۆناغێکی چارەسەری پڕ ئازارو شۆکێکی ئابووری توندا گوزەری کرد. ئەم چارەسەرییە شۆکئامێزە، بەڵام کورتخایەنە، بەهۆی ئەو وێرانییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لێی کەوتەوە، بەشێوەی پچڕپچڕ بەڕێوەچوو. لەوەش زیاتر بەهۆی داگیرکردنی کوەیت و سەپاندنی سزاکان و ئەو جەنگەی بەدوایدا هات. (بڕوانە Chaudhry, 1991; 2002).

باکوورەکەی بندەستی کوردان (ئەگەر لەهەندێک ڕووەوە بەشێوەیەکی لاوەکی) بەشێکبوو لە ئابووری عێراق، بەڵام تەنانەت پاش ئەوەش، جۆرێک لەپێکەوەژیانی لەگەڵ ئەو ئابوورییە پاراست. دامەزراندنی ناوچەی ئارام لەساڵی ١٩٩١ بەدرێژایی سنووری تورکیی – عێراقیی، بووە هۆی دامەزراندنی قەوارەیەکی ناوازەو سەربەخۆی دیفاکتۆ کە چیدی بەشێک نەبوو لە عێراق، بەڵام دانی ئەوەشی پێدا نەنرا کە قەوارەیەکی سەربەخۆیە. بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەسەندکرا وەک دەستێوەردانێکی مرۆیی لێکدرایەوە بەڵام لەراسیتییدا بەرژەوەندییەکانی تورکیای

لەدژی پەنابەرە کوردەکان پاراست (Leezenberg, 1997). لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا، زۆربەی پەنابەرەکان گەرانەوە ماڵەکانیان، کە زۆربەی ئەوانە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە تاڵانکران. دۆخێکی هاوسەنگیی ناجێگیر لەنێوان هێزەکانی حکومەت و چەکدارە کوردەکاندا و پاش چەند پێکدادانێکی خوێناویی، رژێمی عێراق لەئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، هێزی چەکدارو کارمەندەکانی لەزۆربەی ناوچە ئۆتۆنۆمەکەدا کێشایەوە. لەهەمان کاتدا، گەمارۆیەکی ئابووری سەپاند، پێدانی بەرهەمە نەوتییەکان و ئەو بەشە خۆراکەی کەمکردەوە کە بەشێوەیەکی ناوەندی دابەشەکرا.[10]

وێڕای ئەو دژواریی و ئاڵۆزییە کاتییەی ساڵی ١٩٩١، گرفتی دیمۆگرافی و زێدە بەردەوامی تر هەبوو، کە ئاکامی ململانێی نێوان حکومەتی ناوەندی و چەکدارە کوردەکان بوو، ئەوە تەنیا موجەمەعاتەکان یان کەمپەکانی نیشتەجێکردن نەبوو کە سەدەها هەزار گوندنشینی تێدا کۆکرابوونەوە، ئەوانەی کەسانی بێبەرهەم بوون و لەسەر هاوکاریی حکومەت دەژیان، هەروەها لێشاوی کوردو تورکومان هەبوو، بەتایبەت لە کەرکوک کە لەئەنجامی سیاسەتی حکومەتی عێراق سەبارەت بە دەرکردن و راگواستن لەسەر بنەمای رەگەزیی، ئەوەی لەناوەڕاستی ١٩٧٠کانەوە دەستیپێکردبوو.

جگە لەو ژمارە گەورەیەی خەڵکی ئاوارەی نێوخۆ لەکەرکوک و شەنگارو خانەقینەوە، هەرێمەکەی بندەستی کوردان پەناگای ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەرانی وڵاتانی دراوسێ بوو، بەتایبەت کوردی ئێران و کوردی فەیلی. ئەوانەی دواییان، لەنێوان ساڵانی ١٩٧١ بۆ ١٩٨٠ لەعێراق دەرکرابوون، بەبیانووی ئەوەی کە ئەوانە زیاتر هەڵگری رەگەزنامەی ئێرانیی بوون نەک عێراقیی. زۆربەی ئەوانە لەساڵانی ١٩٩٠کاندا، لەلایەن ئێرانەوە بەزۆر گەڕێنرانەوە بەشە کوردییەکەی عێراق، لەوەش زیاتر، لەساڵی ١٩٩٣دا، چەند هەزار کوردێک لەتورکیا هەڵاتن و کەمپێکیان لە ئەتروشی هەرێمەکەی بندەستی کوردان دامەزراند، کە پاشتر گواسترایەوە بۆ مەخمور کە کەمێک لەباشوورترە.[11] دواتر لەهەندێک ناوچەی شاخاویی

دوورەدەست، هەندێک پێگەی پاشماوەی جەنگاوەرانی پەکەکە (کە زیاتر بێهیوا بوون) هەبوون، ئەوەی بەشێوەیەکی رێژەیی پێناچێت نە تورکیاو نە ئەمریکاش هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بەرفراوان بکەنە سەریان. خۆئەگەر لێخۆشبوونێکیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ دەربکرێ، پێدەچێت زۆرینەی زۆریان بگەڕێنەوە بۆ تورکیا.

لەساڵانی ۱۹۹۹۰کاندا، تاڕادەیەکی زۆر لێشاوی پەنابەران بەدڵنیاییەوە ئەوە بوو کە لەعێراقەوە بەرەو ئەورووپای رۆژئاوا دەڕۆیشتن. رێگەی سەرەکی بۆ گواستنەوەیان بەتورکیاو دەریای سپی ناوەڕاست تێدەپەڕی. یەکێکی دیکەش لە ئۆکرانیایەو بەشەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیێتی پێشووەوە بوو. لەساڵی ۲۰۰۱و ۲۰۰۲ دا، تەنیا کەمێک پێش ئەو جەنگەی کە ئەمریکا رێبەری کرد دژی عێراق، لەهۆڵەندا مشتومڕێک سەبارەت بەوە هەبوو کە ئایا باکووری عێراق هێندە سەلامەتە هەتاوەکو بەزۆر ئەو پەنابەرانەی بۆ بگەڕێندرێتەوە کە داواکایی پەنابەریان رەتکراوەتەوە. دوو ئێدارەکەی کوردستانی عێراق، بەراشکاوی ئەم پێشنیارانەیان رەت نەکردەوە، بەڵام جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوان بێئەوەی پشتگیرییەکی باشیان لەدەرەوە بکرێ، ئەوەندە ئیمکاناتی دارایی و پارەو پێویستی بونیادیان لەبەردەستدا نییە بۆ لەخۆگرتنەوەی ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە.[12]

بەدەر لەو گروپانە، پێویستیی بۆ هاوکارییە فریاگوزرایییەکان بەشێوەیەکی رێژەیی کورت بوو. بەڵام ئەوەی سەلماند کە ئەرکێکی گرانە لەدۆخی فریاگوزاری کورتخایەنەوە بەرەو ئاوەدانکردنەوەی درێژخایەن بگوازرێتەوە. ئەوە تەنیا هۆکارە سیاسییەکانی وەک گەمارۆی UN دژی عێراق و گەمارۆی بەغدا بەسەر باکوورەوەو هەروەها دەستێوەردانی دراوسێیەکان نەبوو، بەڵکو هۆکاری بونیادی یان ستراکتۆری هەبوون وەکو : شارنشینیی و لاوازیی درێژخایەنی سێکتەری کشتوکاڵی عێراقیی لەچوارچێوەی بازاڕی نێودەوڵەتییدا. ئەوە شتێکی گران بوو کە دژ بەو ئاراستە درێژخایەنە بوەستێتەوە کەبەرەو شارنشینیی رۆیشتبوو. چالاکییە کشتوکاڵییەکان بۆماوەی چەندین ساڵ لەلایەن سیاسەتی کشتوکاڵی حکومەتی عێراقییەوە

لاوازکرابوو (کە بەشێوەیەکی هەندەکیی بێ کاریگەرو بەشێوەی هەندەکیی وێرانکەربوون) بەتایبەتی لەرێگەی سیستمی دابەشکردنی بەشە خۆراکی بنەڕەتی /بایەعی. لەپاش سەپاندنی گەمارۆی ناوخۆیی لەساڵی ١٩٩١دا، گواستنەوە لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی لۆکاڵییەوە بەتەواوی گران و رێگەلێگیراو بوون. سیاسەتە چەواشەکان، ململانێ درێژخایەنەکان لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتیی، جگە لەدڵخۆشییەکان بەپیشەسازیی نەوتیی، تەنیا بەتەواوی کشتوکاڵی لۆکاڵی وێران نەکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاسۆی کشتوکاڵی خۆژێنی لەکوردستان عێراق و هەرشوێنێکی دیکەی عێراقدا خستە گێژاوێکی مەترسیدارەوە.[13] سەبارەت بەسێکتەری پیشەسازیی، رەوشەکە هێشتا خراپتربوو، باکوورە کوردییەکە هیچ کات پلەیەکی لە بەپیشەسازییبوون بەخۆوە نەبینی، تەنانەت زۆر دووریش بوو لەبەراوردکردنی بەناوچەی بەغدا. لەپاش سەپاندنی گەمارۆکە، هەر پیشەسازییەک بەدەست نەبوونی پارچەی یەدەگەوە دەیناڵاند.

لەبەرئەوە دەرکەوتنی بوارێکی نوێی پیشەسازیی هەرێمیی هەمیشە ئەگەرێکی دوور بوو، بەرهەمهێنانی نەوتی عیراقیی کە لەپێشدا و هەتا ئێستاش سەرچاوەی بنەڕەتیی داهات بووە، هیچ یەک لەبیرە نەوتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە نەکەوتنە دەستی کورد لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، بەڵام پاش ئەوە بازرگانییەکی ترانزێتی چالاک بۆ گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان لەعێراقەوە بۆ تورکیا گەشەیسەند، زۆربەشی بەخاڵی پشکنینی ئیبراهیم خەلیلدا تێدەپەڕی کە بەدەستی پارتییەوە بوو. ئاشکرایە، ئەمک جۆرە هەناردەکردنی نەوتە بە فەرمی و بەگوێرەی سیستمی سزاکانی نەتەوە یەککگرتووەکان قەدەغەبوو، هەروەها لەگەمارۆ ناوخۆییە ئابوورییەکەی بەغدا بەدەربوو، بەڵام لەراستییدا، لەلایەن دەسەڵاتی لۆکاڵییەوە چاوی لێ دەپۆشرا، ئەگەر هانیش نەدرابێت. لەوەش زیاتر، بازرگانی نەوت بەشێوەیەکی زێدە بەتایبەتیی کرا، بەواتا کە شوێنی پێدانی نەوتی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ باکوور گرتەوە، ئەوەش بەتێچوونێکی زیاتر کە لەسەر دانیشتووانە لۆکاڵییەکە دەکەوت. لەلای عێراقەوە عودەی کوڕی سەدام حوسێن

کۆنترۆڵی ئەم قاچاخچێتییە تایبەتەی کردبوو، پێدەچێت نێچیرەڤان بارزانی برازای مەسعودیش ( کە دواتر بووە سەرۆک وەزیران لەهەولێر) بەشێوەیەکی زێدە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بازرگانی ترانزێتدا سەپاندبوو. پێناچێت کە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک تاڕادەیەکی زۆر هیچی لەم داهاتە کەمکردبێتەوە کە لەرێگەی قاچاخچێتییەوە دەست دەکەوت. بەشێوەیەکی گشتگیرتر، فراوانبوونی خێرای بازرگانی (نیمچە یاسایی)کەلوپەلی کەمالیات رەنگدانەوەیەکی روونی ئەم گەشەسەندنە خێرایەی پێکدەهێنا. لەدهۆکی نزیکی سنووری تورکیا، مۆڵ و بازاڕی گەورە دەرکەوتن، دەرفەتە بازرگانییەکان زۆر ئومێدبەخش بوون، لەحوزەیرانی ٢٠٠٤دا، رێکخراوی بازرگانی کوردستانی عێراق لە لەندەن دامەزرا.[14]
هەروەها لەکۆتایی ١٩٩٠کاندا، دەرکەوتنەوەی سێکتەری گەشتوگوزاری خۆماڵیی بەخۆوە بینی، هەرێمە کوردییەکە بەهۆی ئەو هاوینەهەوارە زۆرەی کە لەچیاکاندا لەکۆنەوە هەیبوو، بەڵام هەتاوەکو ئێستا لەم سێکتەرەدا توانایەکی ئابووری شایستەو ئومێدبەخش بەدینەهاتووە. چاوەڕیی ئەوە دەکرا کە لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٤دا، ژمارەی گەشتیاران بگاتە ٢٠٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠٠ گەشتیار، کە زۆربەیان لەعەرەبی عێراقن یان وڵاتانی عەرەبیی دراوسێ.[15]
هەرچەندە پێویست بەوتن ناکات کە کەمینەیەکی بچووکی خەڵکی لۆکاڵی لەم گەشەسەندنە نوێیە قازانج دەکەن. هەرچەندە لەراستییدا ئەمەش بووتە هۆی دەرفەتی کارو خزمەتگوزاریی و بنیاتنان، بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتیش بووەهۆی زێدەبوونی گەورەی جیاوازیی و نایەکسانیی دەستکەوتنی داهات.

لەسەر ئاستی سیاسیش، هەوڵێکی جددیی و گرنگ هەبوو کە حکومەتێکی سڤیل و پلوراڵ لەهەرێمەکەدا دابمەزرێت (بەتایبەت لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ەوە)، ئەوەشی لەمپەری خستەبەردەم ئەم هەوڵە، نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتیی بوو بەقەوارە هەڵبژێردراوەکەدا، هەروەها دەرکەوتنی شێوەیەک لە حکومەتی تەریب بوو لە لەلایەن رێکخراوە ناحکومییە NGO تاڕادەیەک

دەوڵەمەندەکانەوە کەلەدەرەوە فەندو پاڵپشتی دارایی دەکران.[16] دابەشکردنی یەکسانی کورسییەکانی پارلەمان و هەروەها حکومەتیش لەنێوان پدک و ینک، دەرفەتێکی مەزنی بۆ فەساد و گەندەڵیی هێنایەئارا، هەروەها بووەهۆی ململانێی زیدەی نێوان هەردوو حیزبە هەڵبژێردراوەکە لەحکومەتە هەرێمییەکەدا.

داهاتەکانی ترانزێتی نەوت سەرچاوەیەکی داهاتی گەورەی پێکدەهێنا، ئەوەش مایەی ناکۆکییەکی شاراوە بوو. ناکۆکیی لەسەر دابەشکردنی ئەم داهاتانە، سەرچاوەی سەرەکی شەڕی ناوخۆیی کوردیی بوو، هەرچەندە، هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان پدک و ینک بەشێوەیەکی سەرەکی، تەنیا سەرکەوتنی دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەسەر یاسادانانددا نەبوو، بەڵکو زاڵبوونی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بوو بەسەر حکومەتە هەڵبژێردراوەکەدا. (Leezenberg, 1997) شەڕە نێوخۆییەکە تەنیا نەبووە هۆی پاشەکشەی زۆربەی رێکخراوە بیانییەکان، بەڵکو بەشێوەیەکی زێدە کاریگەری کردە سەر ژیانی شارەکان، هەولێر بەتایبەت کەوتە نێو رەوشێکی پشێویی و پاشاگەردانییەوە. شەڕی دەوروبەری خاڵی پشکنینی (کەسنەزان) بووەهۆی بۆمبارانکردن و هەروەها تاڵانکردنی نەخۆشخانەی سەرەکیی هەولێر. پیاوە دەسەڵاتدارە لۆکاڵییەکان دەیانتوانی خاڵی پشکنینی خۆیان لەشارەکاندا دابنێن، هەروەها فڕاندن و شێوەکنی دیکەی سەرانەسەندن و رووتانەوەو ئیبتیزاز گەیشتە دواترۆپکی.[17]

لەم ماوەیەدا، مەترسییەکی جددیی لەسەر هەرێمەکە هەبووکە بەرەو هاوشێوەی پشێویی کۆمەڵایەتی لوبنان بخزێت، ئەوەی تێدا میرەکانی جەنگ لەشارو لادێکاندا بەتوندی دەستیان بەسەر ژیانی خەڵکیدا گرتووە. لوتکەی رووداوە دراماتیکی و سەرەنجڕاکێشەکانی ئەم قۆناغە بریتیبوو لە دەستبەسەردا گرتنی هێزەکانی پارتی بەسەر هەولێردا بەهاوکاریی سوپای عیراق لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا. هەرچەندە ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە توندو تیژی شەڕەکان لەنێوەی دووەمی ساڵانی ١٩٩٠کاندا، هێور بووەوە. ئەوەشی زۆر بەخێرایی روون بووەوە، کە پارتی پاش گرتنی نەک تەنیا هەولێر،

بەڵکو سلێمانیش، تواناو هێزەکانی سەربازی خۆی پەرت و بڵاوکردەوە. ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی سلێمانی لەلایەن یەکێتی و کیشانی هێڵێکی سنووری نوێ لەرۆژهەڵاتی هەولێر، سەلماندنی کە هیچ یەک لەو دوو لایەنە، هێندە ئامرازو توانای سەربازییان نییە کە ئەوی دیکەیان پاکتاوبکات و لەناوی بەرێت.

نێوەندگیری راستەوخۆی ئەمریکا لەسەر ئاستی باڵا، بووەهۆی وەستاندنی فەرمیی کارە دوژمنکارییەکان کە بە" رێکەوتنی واشنگتۆن" ناسراوە لەسێپتەمبەری ١٩٩٨دا واژۆکرا. سەرکردەکانی هەردوو حیزب بەڵێنیاندا، کە بەرەو دامەزراندنەوەی پارلەمانی هەرێمیی هەڵبژێردراو و حکومەتێک هەنگاو بنێن. بەڵام هیچ شتێک لەمانە رووی نەدا، وێڕای دانیشتن و گفتوگۆی هەفتانە کە سەبارەت بەئاساییکردنەوەی دۆخەکە هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ەوە هەتاوەکو راستەوخۆ پێش جەنگەکەی ٢٠٠٣ ئەنجامدەدرا. بەڵام هەندێک هەنگاوی بنەڕەتی نران (جگە لە گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگ) بەرەو دووبارە کۆبوونەوەی ئەو پارلەمانە هەرێمییەی کە لەساڵی١٩٩٢دا هەڵبژێردرابوو، هەروەها لەگەڵ یەکخستنەوەی هەر دوو ئیدارەکە.[18]

ئەوە هەر ماندوێتیی لەجەنگ و فشاری دیپلۆماسی ئەمریکی نەبوو کە بووە هۆی کۆتاییهاتنی شەڕی کراوەو پشێویی کۆمەڵایەتیی لەناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا، بەڵکو فاکتەرێکی دیکەش هەبوو کە دەشێت زۆر کاریگەرو بایەخداربێت، ئەویش رێکەوتننامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک بوو. لەساڵی ١٩٩٧ەوە بەرەوسەر، ١٣%ی بۆ هەرێمەکەی بندەستی کوردان تەرخانکرد. پرۆسەی بەشکردن و جێبەجێکردنەکە لاوازو ناکاریگەرو تێکەڵ بەگەندەڵیی بوو، وێڕای ئەوەش، بەرنامەکە هاندەرێکی بەهێزبوو بۆ وەستاندنی کردە دوژمنکارییەکان، بەتایبەتی کە چەندین گرێبەستی قازانجبەخشی بۆ دابەشکردنی لۆکاڵی پرۆژەکان و بونیادنانەوەی ژێرخان تێدابوو، ئەوەش لەرێگەی کاروهەڵسوڕانی بەڵێندەرایەتیی و تەندەرە نوێیەکانەوە. هەردوو حیزبەکە، پێگەی خۆیان لەو ناوچانەدا چەسپاند کە لەژێر دەسەڵاتی سەربازییاندا بوو، تەنانەت وێڕای ئەوەش کە

دابەشکردنی هاوکاریی و کەلوپەل و کەرەسەکان بەشێوەیەکی توند لەژێر دەستی خۆیاندا نەبوو، بەڵکو لەبندەستی بەرپرسانی یوئێن و تەنانەت رژێمی عێراقییشدا بوو.

بەگەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی رابردوو، پێدەچێت کە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، خاڵێکی وەرچەرخان بووبێت بەرەو دۆخێکی باشتر. لێرەدا مرۆ ناتوانێت ئەو پرسیارە نەکات کە ئاخۆ پێکەوە بەستنەوە لەرێگەی داهاتی نەوتەوە دەشێت سیناریۆیەکی گەشبینانە بۆ تەواوی عێراق بەگشتی پێک نەهێنێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەیاددا بمێنێ کە وێڕای ئەو سوودانەی لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک هەبوون، بەڵام هیچ یەک لە لاوازییە بونیادییە بنەڕەتییە هەرێمیی و نیشتیمانییەکانی چارەسەرنەکرد. عێراق بۆماوەی چەند دەیەیەک سیستمی دابەشکردنی ناوەندی خۆراکی هەبوو، لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، ئەم سیستمە لەباکوور وەستا کە لەژێر دەسەڵاتی کورددا بوو. بەهاتنی ناوەڕاستی ١٩٩٠کان، مەترسی بڕینی ئەم سیستمەش لە شوێنەکانی دیکەی وڵاتەکە لەئارادا بوو. لەچوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، دەرفەتێکی نوێی ژیان دەستکەوت. بەو مانایەی، بەرنامەکەو قۆناغی هاوکارییە فریاگوزارییەکان لەسەر حیسابی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەو ئابووری خودکەفایی بوو. ئەوەش لەراستییدا تاڕادەیەک بووەهۆی کەمبوونەوەی دەرفەتی بوژانەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی. بەشێوەیەکی گشتگیرتر، ئەم بەرنامەیە کاریگەری و رووی پێکدژی سەبارەت بە سەروەریی دەسەڵات هەبوو: هەژمونی عێراقی لە سەروەریی بەسەر هاوڵاتییەکانیدا لاوازکرد، هەروەها رەوشتی تایبەتی باکووری بەدەزگاییکرد، بەڵام نفوزێکی زێدەتری لەوێ بەخشییە ئیدارەی بەغدا.



عودەی سەدام حسێن



نێچیرەڤان ئیدریس بارزانی


HABUR SINIR KAPISI



## بەدەزگاییکردنی مەحسوبییەت

وێڕای ئەو ئاراستە جیاوازەی گەشەکردن، سیماکانی کوردستانی عێراق لەزۆر رووی ستراکتۆری و بونیادییەوە لەگەڵ تەواوی وڵاتەکەدا بەشدارە، هەربۆیە وا پێویست دەکات کە سەیری پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگا بکەین . کوردستانی عیراق ئێستاکە (ساڵی ٢٠٠٥/ وەرگێڕ) دەوڵەتێکی دانپێدانراوی تێدا نییە، هەروەها دەوڵەتێکی رێنتیر یان (نیمچە دەوڵەتێک)یش بەشێوە وابەستییە کلاسیکییەکە تێدانییە بەگوێرەی مانای تیۆریکییەکەی وشەکە، چونکە ئەو سامانەی بەدەستهاتووە دەرهێنانی مادەی خاوی ناپیشەسازی نییە، بەڵکو زادەی ترانزیت و گواستنەوەیەتی. لەوەدەچێت وا سوودبەخش بێت کە ناوی : کۆمەڵگای پاش جەنگی نێوخۆیی لێبنرێت کە تێیدا کەلتوری ململانێی ناوخۆیی، پەیوەندییەکانی مەحسوبییەتی تۆکمە و تەنانەت بەدەزگاییشی کردووە، ئەوەش لەرێگەی جەختکردنەوەو پاراستنی چەندین شێوە لە (دەگمەنی scarcity). پرسیارێکی کراوە ئەوەیە کە ئاخۆ ئەمە رەنگدانەوەی گشتگیری نەمانی دەوڵەت بێت بەشێوە کلاسیکییەکەی و ئەوەی بەدوایدا دێت لە سەرهەڵدانی تۆڕەکان؟ ئایا کوردستانی عێراق بۆتە (کۆمەڵگایەکی تۆڕەکیی society network ) ( بڕوانە Castells, 1996 )، ئەوەی رەنگدانەوەی لاوازیی دەوڵەتە وەک رێحەزو ئاراستەیەکی مێژوویی بۆ سەردەمی زانیارییەکان؟

گرنگی تۆڕەکانی مەحسوبییەت هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە بەراستی زێدەبووە. لەساڵی ٢٠٠٣دا، بێکاری لەسەراسەری عێراقدا بە ٥٠% خەملێنرا. هیچ هۆکارێکی ماقووڵ نییە تاوەکو بڕوا بەوە بکرێت کە رەوشی کوردستانی عیراق لەبنەڕەتدا باشترە، بەتایبەتی بۆ هەرێمێک کە لەدۆخی ئەوپەڕی نایەکسانی ئابوورییدایە. بەگوێرەی ژمارەو داتاکانی یوئێن، لەهاوینی ٢٠٠٢دا، نزیک بە ٥٠%ی خێزانەکانی کوردستانی عێراق دەبوو کە مانگانە بە ٢٥دۆلاری ئەمریکی ژیان

بگوزەرێنن. ئەم داهاتە هەژارانەیە بەسەبەتەی خۆراک مانگانە بەبڕی ٥٠ دۆلار پڕدەکرایەوە، ئەوەی لەڕێگەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک پشتگیریی دارایی دەکرا.[19] هەژاریی بەردەوام و پشتبەستنی زۆرینەی خەڵک، دەرفەتێکی بۆ مەحسوبییەت و گەندەڵییەکی بەرفراوان لەسەرەوە خستەبەردەست. توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، مەحسوبییەت لەبنەڕەتدا بەنافەرمیی و ناڕەوا پێناسەکردووە. هەوڵە بەردەوامەکانی پارتەکان بۆ قۆرخکاریی، بەڵکو لەواقیعدا بەرگی بەدەزگاییکردنیشی بەربەرداکراوە، تۆڕەکانی دەلاڵ و بەڵێندەرە مەحسوبە وابەستەکان پێشانیدەدا ، کە پەیوەندییە وابەستەییە فەرمییەکان – تەنانەت جیاکارییە نافەرمییەکانیش یان تەنانەت بیرۆکەی patron/ وەلی نیعمە یان لایەنێکی دەسەڵاتداری ئیمتیازبەخش لەبەرامبەر وەفاداریی و گوێڕایەڵیی- لێرەدا زۆر سوودبەخش نابێت.[20] هەردوو ناوچەکە بەناو سیستمی فرەحیزبیی تێدایە، بەڵام تەنانەت حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەسەر لیستی موچەی حیزبە سەرەکییەکانن.[21] بەدەر لەحیزبی یەکگرتووی ئیسلامی یان رابیتەی ئیسلامی کە لەپاش پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە زۆر لاوازبوون. هیچ جوڵانەوەیەکی جەماوەریی جددیش دەرنەکەوتووە. لەپێشساڵی ٢٠٠٥دا، بۆ کاندیدێکی پارتی نەبوو کە لەهەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی ناوچەکەی یەکێتیدا خۆی هەڵبژێرێت و بەپێچەوانەشەوە.

پێدەچێت ئەم بەدەزگاییکردنەی مەحسوبییەتە، دەرفەتەکانی بەردەم گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێی لاوازکردبێت، واتە شێوازێکی خۆبەخشی ناتوندوتیژی هاوپەیمانی سیاسی پلۆراڵی لەهەرێمەکەو هەروەها لەعێراقیش بەگشتی. لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا، یەکێک لەئاسەوارە درێژخایەنەکانی ماوەی حوکمی کۆمۆنیستیی، نەمانی متمانەی بەردەوام بوو بە دەوڵەت و دەزگاکانی. سەرچاوەکانی سامان لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرا، ئەو ئاراستەی وا سەیری دەکرا کە بۆ قازانجی شەخسیی نەک بۆ بەرژەوەندی گشتیی. لەئێستادا ئەوە زەحمەتە بوترێت کە ئاخۆ هەڵوێستێکی هاوشێوە لەنێو خەڵکەکەی عێراق بەگشتیی چەندە بەهێزە.[22] لەباکوورە کوردییەکە، چەند

دەیەیەک لەحوکمی تۆتالیتاریی و گەندەڵیی و هەروەها سەرکوتی توندوتیژ بەشێوەیەکی بەردەوام، بیرۆکەی رەوایەتیی دەوڵەتی لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک لاوازکردبوو. پێدەچێت دیدێکی باوی ئەوتۆ هەبێت کە مەحسوبییەتی بەدەزگاییکراو، هەروەها بەناچاریی بەرتیلدان بە بەرپرسان بۆ جۆرەها کاری خزمەتگوزاریی، ئەگەر بنەمایەکی چەسپاوی شەرعیی نەبێت، ئەو لانیکەم حاڵەتێکی ئاسایی و کارپێکراوی باوە. دەشێت خەڵک لەحکومەت و بوونی لەدەسەڵاتدا رازی نەبن، بەڵام ئەوان نەک هەر ئامرازی میدیاییان لەبەردەستدا نەبوو بۆ دەربڕینی ئەم نارەزایەتییە، بەڵکو لەرووی داراییشەوە ئەوەنە بەحیزبەکان پشتبەستووبوون کە نەیاندەتوانی لە چالاکیی نارەزایەتیی جەماوەرییدا تێوەبگلێن. لەکۆتایی ٢٠٠٣دا، جوڵانەوەی ریفراندۆم سەریهەڵدا، ئەوەی لەسەرەتای ٢٠٠٤دا، ئیدعای ئەوەی دەکرد کە واژۆی نزیک بە ٢ ملیۆن کوردی عێراقی کۆکردۆتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەو جوڵانەوەیە زیاتر نیشانەیەک بووبێت بۆ نارەزایەتیی دژی سەرکردایەتیی کوردیی هێندەی خواستێک بێت بۆ جیابوونەوە لەعێراق. لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا، جوڵانەوەی ریفراندۆم خۆپێشاندانێکی جەماوەری لەچەندین شاری سەرەکیی کوردستان کرد.[23]

هەرێمەکە لەپاش ساڵی ١٩٩١ەوە، بەشێوەیەکی رێژەیی پێکهاتنەوەیەکی خێراو نەرمی تۆرەکان و گۆرانی بژاردەی بەخۆوە بینی. نەوەی نوێی بژاردە ئابوورییە خۆماڵییەکە لە ١٩٨٠کاندا دەرکەوت. ئەوەی سەرۆک خێڵەکانی هاوشێوەی هەرکیی و سورچییەکان گرتبووەخۆی. ئەوانەی بەشێوەیەکی تایبەت لەکارو بیزنس و گرێبەست و بەڵێندەرایەتییە قازانجبەخشەکان سوودیان بینی و سەرکردایەتیی ئیمراتۆریەتێکی کارو بزنسی بەنێودەوڵەتییکراویان دەکرد زیاتر لەوەی سەرۆک خێڵێکی نەریتیی بن. بەوەش هەندێک لەشەرە نێوخۆییەکانی ساڵانی ١٩٩٤ -١٩٩٧، لەوانە شەری وێرانکەری بەدناوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدژی پێگەی نەریتیی سورچییەکان، کەمێک پێش ئەوەی هەولێر بگرن لە

١٩٩٦دا، نابێت لەچوارچێوەی چەمکی ململانێی خێڵەکییدا سەیربکرێت، بەڵکو هەوڵی قۆرخکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە هەرێمییەکان بوو(بەتایبەتی هێڵەکانی ئیمدادی نێوان بارەگا سەرەکییەکانی پارتی لەباکوورو بنکەی سپیلکی سەربازیی و شاری هەولێردا).

جۆرە تۆڕگەلێکی جوداو تارادەیەک تێکەڵ بەیەک لەکوردستانی عیراقداو هەروەک عێراق بەگشتی، لەچەند رێکخراوێکی تاوانکاریی و قاچاخچێتیی پێکهاتبوون. تەواوی ئەو تۆڕانە لەرووی سیاسی و خێڵەکییەوە ناناسێنرێن، بەڵام لەنێوانیاندا بەدڵنیاییەوە ئاڵوگۆڕ هەبوو. خود-وێنایی زۆربەی عێراقییەکان بەو شێوە روونە بوو کە لەماوەی ساڵانی ١٩٧٠کاندا، رێژەیەکی کەمی تاوانی گشتی رێکخراو لەعێراقدا هەبوو. ئەمەش بەشێوەیەکی باش لەگەڵ پشێوییە کۆمەڵایەتییە ناسراوەدا نەدەگونجا کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەبوو. بێگومان قاچاخچێتیی چالاکی سەرەکیی بوو لەهەرێمە کوردییەکە، هەتا ئەو کاتەی کە سنووری نێودەوڵەتیی هەبوو، بەڵام بێگومان ئەوە راستە کە ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کان قۆناغێکی نوێی لەگەشەکردنی ئابووری نافەرمی زو زێدەبوونی تاوانی رێکخراو تۆمارکرد. یەکەمین فاکتەری گرنگ بریتیبوو لە دامەزراندنی ئابوورییەک لەحەفتاکاندا کە زۆر بێکاریگەرو لاوزبوو لەبەردەم گەندەڵییدا، هاوشێوەی بلۆکی رۆژهەڵاتیی و لەسەر بنەمای ئابووری ئاراستەکراو لەلایەن دەوڵەتەوە، کە پشتبەستوو بوو بە داهاتی نەوتی خێرا پەرەگرتووە. دووەم، ئابووری جەنگ لە ١٩٨٠کاندا، دەرفەتگەلێکی زێدەتری خستەبەردەم ئابووری سێبەر، نرخی دانراوی دراوی بیانی لەلایەن دەوڵەتەوە، کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر نرخی خۆراک و هاوردەی جگەرەو خواردنەوە کهولییەکان، وایکرد چالاکی بازاڕی رەش قازانجبەخشتر بێت. بژاردەی حوکمڕان لە پلەی یەکەمدا سوودی لەم دۆخە دەبینی.

پاش هەرەسی دەوڵەت لەباکوور لە ساڵی ١٩٩١دا، هەروەها لەتەواوی عێراقیشدا لە ٢٠٠٣دا، چەندین گروپی خێڵەکیی و سیاسی و

تاوانکاریی گلانە کاری وێرانکاریی ئابوورییەوە، ئەوەی "بوزرسڵان" ناوی (قۆرخکاریی دڕندانەی predation ) لێناوە. هەرچەندەن هەروەها شێوازگەلێکی دیکەی ئاکارو تاوانی توندوتیژانە هەبوون وەکو: فڕاندنی شۆفێرانی بیانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو هەڵسوڕاوانی ئاوەدانکردنەوەو کەسایەتییە ئەمنی و تەنانەت دیپلۆماتکارەکانیش. لەعیراقی ئەمڕۆدا، زۆربەی فڕاندنەکان بەرواڵەت هاندەری سیاسییە، بەڵام لەهەندێک حاڵەتەکانیشدا، ئامانجیان رووتانەوەو دەستکەوتنی بڕێک پارەیە. لەوەش زیاتر، ئەم جۆرە کاری فڕاندنانە لەعیراق بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆماوەی زیاتر لەدەساڵ ئەنجامدەدران و تەنانەت ئێستاکەش لەبری بیانییەکان کەسایەتییە مەدەنییە عێراقییە دەوڵەمەندەکان بە ئامانج دەگرێت. بەواتایەکی دی، تێکەڵییەکی روون لەنێوان حکومەتەکان و جوڵانەوە سیاسییەکان و تاوانە رێکخراوەکاندا هەیە لەرووی چالاکییەکان و تاکتیک و تەنانەت کەسایەتییەکانیشیان.

چالاکییەکی دیکەی نایاسایی ان نیمچە یاسایی دیکە، کە لەوانەیە فرەرەنگ بێت، قاچاخچێتییە. لەچوارچێوە لۆکاڵییەکەیدا، جیاکردنەوە سنووری نێوان قاچاخچێتیی و بازرگانی یاسایی، یان لەنێوان باجسەندنی رەواو رووتانەوەی ناڕەوادا گرفتێکە بۆ خۆی. بۆ نموونە: گواستنەوەی قازانجبەخشی بەرفراوانی نەوت لە دەروازەی خابورەوە لەنێوان تورکیاو عێراقدا، بۆخۆی پێشێلکردنی سیستمی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام ئیدارەی پارتی دیموکرات ئەوەی رێکخستبوو، دواتریش لەرێگەی سەپاندنی باج و گومرگانەوە رەوایەتیی پێدابوو. لەسەرەتادا، کاری قاچاخچێتیی خۆی لە دەوروبەری هێنان و بردنی کاڵا نانەوتییەکانی وەک جگەرەو خواردنەوە کهولییەکان و ڤیدۆکاسێت و گۆڤاری رووت و هاوشێوەکانی، لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان و کاڵا تەکنەلۆژجییە بەهادارەکاندا دەبینییەوە. هەرچەندە، لەماوەی نەوەتەکاندا، هەڵکشانێکی فرە لەبازرگانی پاسپۆرت و ڤیزەوەرگرتن و بەقاچاخبردن و پەنابەرێتی هەبوو، بەرێژەی ٥٠٠٠دۆلار بۆهەر نەفەرێک. ئەم

قاچاخچێتیی نەفەربەرییە بووە بژارەیەکی فرە قازانجبەخش، کە سزاو سەرەڕۆییەکی کەمتری لەزیندانییکردن و گرتنەوە بەدوواوەبوو بەبەراورد بە بازرگانیی و قاچاخچێتیی مادەی هۆشبەر بۆنموونە.

گواستنەوەی بەرفراوانی پەنابەرەکان ئەو بەلەمانەی لەخۆدەگرت کە بەسەدەها عێراقییان بەیەکەوە لەدەریای سپی ناوەڕاستدا هەڵدەگرت، ئەوەش پێویستیی بە هاوکاریی تۆری نێودەوڵەتیی بوو لەئاستی بەرزدا، لەگەڵ ئەوەش، وێرای ئەم بەنێودەوڵەتییکردنە زۆرەش، پێدەچێت کە قاچاخچێتیی بە پەنابەرانەوە تۆڕگەلێکی شلوشێویان پێکهێنابێت زیاتر لەوەی کە باندی رێکخراوی هەرەمیی تۆکمەی تاوانکاری بن. وێڕای ئەوەش، ئەو قاچاخچییانە پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەوانەدا پێکهێنابوو کە دەیانگواستنەوەو وادەردەکەوت کە تاڕادەیەکی رێژەیی لەو شێوە چالاکییانەی باندی تاوانکاریی رێکخراو سەربەخۆبن. دواجار ئەوان بەتوندیی تێکەڵ بە ئابوورییە نایاساییەکە بوون، هەروەها لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی دەزگاکانی دەوڵەتدا (بەتایبەت پۆلیس و کارمەندانی کۆچبەران) لەچەندین ئەو وڵاتانەدا.[24]

پێدەچێت کە ئابووری پاش جەنگی نێوخۆیی و ئەو (دەگمەنییە scarcity) کە پێشتر پێکهاتبوو، لەکات و پاش ململانێ جیاوازەکاندا، نەک هەر زەمینەی ئاسانی بۆ مەحسوبییەتی وابەستە خۆشکردبوو، بەڵکو تەنانەت پەیوەندییەکانیشی بە دەزگایی کردبوو. بەڵام هەروەها پێکهێنان و بەهێزکردنی تۆڕەکانی کە تێکەڵاویان لەگەڵ زنجیرە هەرەمییەکانی پارتەکاندا هەبوو، مانای ئەوە نەبوو کە هاوجووتبن. پێدەچێت لەم بارەیەوە کوردستانی عێراق شێوازێکی نەپێوراوی (پاش ململانێ (post)conflict) بێت، کە لەو جۆرە حاڵەتە دیارە کەم یان زۆرەدا، بیرۆکراتی لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، یان وەک جوڵەو هاندەرێکی بەردەوامی بەهێزی دارایی دەردەکەوێتەوەو لەدژی ململانێی مەدەنی بەرفراوان گەشەدەکات.[25] ناوچەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش هێشتا پشت بەداهاتی نەوتی عێراق بەستبوو، هەروەها ئاوەدانکردنەوەیەکی پێکدژی سەبارەت بە سیستمی دابەشکردنی

خۆراکیی عێراق(بایەعی) لەسایەی چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان پێشاندا.



حسێن ئاغای سورچی





حسێن ئاغای سورچی

**ئەنجامگیریی : پوختەو ئاسۆکان**

کوردستانی عێراق لەزۆر لەسیما ستراکتۆرو بونیادییەکانیدا هاوشێوەی باقی دیکەی وڵاتەکەیە، زۆربەی زۆری ئەو فاکتەرانەی لەساڵانی ١٩٩٠کاندا بەشداربوون لەو ناجێگیرییەی کە لەباکووردا هەبوون (وەک : دەستێوەردانی درێژماوەی بیانی و حکومەتی هەڵبژێردراوی لاوازو گرفتەکانی لەکاردانەمان و بەردانی جەنگاوەرەکان و دەگمەنیی ئابووری و زێدەبوونی شێوە رێکخراوە نایاساییەکان و هەروەها هەستی گشتیی دانیشتووانەکە بەنەبوونی ئاسایش) لەکاتی ئێستادا لەباقی دیکەی ناوچەکانی عێراقدا هەیە. بەڵام ئایا دەتوانرێت گەشەکردنەکانی کوردستانی عێراق هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە وەک مۆدێلێک، یان لانیکەم وەک سیناریۆیەک، بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق بەگشتی لەپاش جەنگدا پشتی پێ ببەسترێت؟لەوەش زیاتر، ئایا پەیوەندی ئایندەیی نیوان هەرێمە کوردییەکەو باقی دیکەی وڵاتەکە، چۆن دەبێت؟ بەشێوەیەکی گشتی ئایا تیۆرێکی سەرەکی هەیە کە باکوورەکەی بندەستی کوردان لەخۆبگرێ؟!

یەکەم، لەباکووردا ململانێ بەشداریکردووە لە دروستکردنی دەگمەنیی و مەترسییەکان، بەشدارە ململانێکەرەکان دەتوانن حیمایەو پاراستن پێشکەش بکەن لەدژی یان دانانی خاڵێک بەشێوەیەکی جیاواز. توندوتیژیی یەکێک بوو لەو ستراتیژییە جۆراوجۆرانەی کە حیزبەکان بەکاریانهێناون بۆئەوەی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن و خواستی قۆرخکارییان بێننەدی. ئەو توندوتیژییە هەنوکەییەیشی کە لە ناوەندی عێراقدا دەبینرێت هەوڵدانێکی هاوشێوەیە لەپێناو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری.

خاڵی دووەم سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاو تۆڕەکانە، کوردستانی عیراق زێدەتر لەسەر رێگە بەئاراستەی ئابووری بازاڕ هەنگاوی ناوە، بەڵام پشتبەستنی بەردەوام بەهاوکارییە خۆراکییەکان بەشێوە ناوەندییەکە، ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئازادیی

ئابووری شتێکی هەندەکییە. لەوەش زیاتر، بژاردەی کۆمەڵگا هەمان کات لەهەوڵی قۆرخکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە لەرێگەی پەیوەندییەکانی خزمایەتی و مەحسوبیەت و مەنسوبییەتەوە. بەتایبەتی لەسەر ئاستە باڵاکانی ئەم تۆڕە جیاوازانە لەرووی هەڵسوڕێنەرو ئەندامەکانی تێکەڵیی و بەیەکداچوونیان تێدایە، بەڵام تەواو هاوجووت نین لەگەڵ پێکهاتەی هەرەمی حیزبەکاندا. بەوشێوەیە، سەرکەوتنی ئابووری لەهەرێمە کوردییەکە بێگومان لەرێگەی لایەنگریی و پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکان یان سەرکردە باڵاکانیاندا. بەڵام بەتەواوەتیش پشت بەوە نابەستێت. بژاردە کۆنە ئابوورییەکە، پێگەی رابردووی بایەخداری خۆی لەدەستداوە، بەڵام ئەوە نییە کە بەتەواوەتی لەمەیدانەکە دیارنەمابن. بەکورتی، مەحسوبییەتی بەدەزگاییکراو پێچەوانەی حاڵەتی ئاسایی و باو دەوەستێتەوەو دژی کۆمەڵگای مەدەنییە. لەوەش زیاتر، ئەگەر ئەو ئارگومێنتەی سەرەوە دروستبێت، پرسی تۆڕەکانی دەلاڵ و بژاردە وابەستەکان بایەخی کەمتر نییە لە مەسەلەی سەروەریی دەوڵەت. ئەوەش وادەکات قسەکردن لەسەروەریی عێراق لەسایەی داگیرکارییدا تاڕادەیەک تیۆریی بێت.

خاڵی سێیەم بریتییە لەو وێنە چەندبارەوەبووەی پەیوەندییە نێو-ئتنییە شلوشێواوەکەی عێراق. دژوارییە تائیفی و رەگەزییە ئتنییەکانی ئێستاکە هەرچییەک بن، ئەوانە زادەی هەست و سۆزی رەسەن و بنەڕەتیی نین، بەڵکو زادەی سیاسەتگەلێکی رووبەڕووبوونەوەو دوژمنکارانەن کە بەشێوەیەکی مەبەستدار لەلایەن حیزبە سیاسییەکان یان رژێمی عێراق و یاخود لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە هاندەدرێن و دەخولقێنرێن.[26] لەوەش زیاتر، ئەوانە لەفەزایەکی وەرچەرخانی رادیکاڵی ئابوورییەکی بەتایبەتییکراودا هەڵدەسوڕێن. وێڕای ئەوەش، مەترسیی هەڵگیرساندنی ململانێیەکی نێو-ئیتنیکی دوژمنکارانە هەتادێت زیاتر جددیتردەبێت، بەتایبەت لەکەرکوک. هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی توندوتیژییەکان زیاتر دوژمنکاریی ئیتنیکی و رەگەزیی نییە، بەڵکو هەوڵگەلێکی کۆنترۆڵنەکراوی دژە کەلتوری

ڕەوایەتییدانە بە پاکتاوی ڕەگەزیی چەندین دەیە، ئەوەی کە بەهۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی دەرەکییەوە زیاتر ئاڵۆز بووە. حیزبە کوردییەکان سیاسەتی پێکدژیان گرتۆتەبەر. ئەوان هەوڵی ئازایانەیان داوە بۆ ڕێگرتن لە پێکدادانە توندوتیژەکان، بەڵام هەمان کات هەوڵی دروستکردنی راستییەک لەسەر زەوی دەدەن لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵمەتی میدیایی یاخود پێدانی پارە بەو خێزانە کوردانەی هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە زێدی پێشوویان (کەلەوانەیە زیاتر نیشانەی ڕەنگدانەوەی رکابەری و ململانێی پارتی و یەکێتی بێت وەک لەوەی سیاسەتگەلێکی ئیتنیی رووت بێت)..[27] پێدەچێت لەسێگۆشەی عەرەبی سوننی ئاراستەی پێچەوانە لەئاسۆ دەرکەوێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی وەک فەلوجە کە پێدەچێت یاخیبووەکان لەکاتی گەماڕۆی مارتی ٢٠٠٤دا، بەمەبەست جەنگەکەیان بەئاراستەی گەڕەکە کوردییەکەی شارەکەدا برد. لەڕاستییدا، داوا لە هەندێک لە کوردەکان کرا کە شارەکە جێبهێڵن (ئەوانەی لەکاتی سەدامدا بۆئەوێ راگوێزرابوون). هەواڵی هاوشێوە سەبارەت بە پاکتاوکردنی کوردانی (خیانەتکار) لەسامەڕای نزیک ئەوێ بیسترا.[28] کۆمەڵکوژیی بەرفراوان یان پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و ئیتنی کوردان لەو ناوچانەی زۆرینە عەرەبەکان یان بەپێچەوانەوە ئەگەرێکی ئاشکرایە، ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان کوردو هاوڵاتییە عەرەبەکانیان یان ئەوانی دیکە بەرەو توندیی بڕوات. بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی ئەمە دوورە. یەکەم، لەکاتێکدا هەندێک لەحیزبە کوردییەکان ئاماژە بەجیابوونەوە دەدەن، ئەمە تەنیا تەکنیکی دانوسانە تاوەکو ئەوەی بیرکردنەوەیان بێت. ئەگەری راستەقینەی جیابوونەوەی هەرێمە کوردییەکە تاڕادەیەکی رێژەیی کەمە، بەلەبەرچاوگرتنی دابەشکردنی ناوچەکە بۆ دوو بەش لەنێوان هەردوو رابەرە کوردییەکە لەکۆن و لە ئێستادا. دووەم، دوژمنایەتیی ئیتنیکی لەعراق زۆربەی جار لەسەرەوە دێتەخوارەوە (هەروەها هەندێک جاریش لەدەرەوە) و بەدەگمەن ئەگەر ریشەکەی لەئاستی جەماوەرییەوە یان میللییەوە دەستپێبکات. هەستی میللی دەشێت جاروبار دوژمنانە بێت، بەڵام بەردەوام بەهێزو توندوتیژ نییە. ئەوەش دەتوانرێت کۆنترۆڵ


بکرێت ئەگەر ئیرادەو هەوڵی پێویست لەلایەن سەرکردەی حیزب و لایەنە پەیوەندییدارەکانەوە هەبێت.

دوا وشە سەبارەت بە ئاسۆکانی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی عێراقی نویٚ، کوردان بەهۆکاری دروست، متمانەیان بەفۆرمە زێدە رادیکاڵەکانی ناسیونالیستی عەرەبیی نییە، ئەوەی لەم دوادوایانەوە لەژێر پەردەی ئیسلامگەرایی سوننی و یان شیعییدا خۆی بەرجەستەکردووە. بەڵام (هێشتا) وادەردەکەوێت کە هەستی ناسیونالیستی کوردیی فاکتەرێکی سیاسی فرە بەهێزبێت (بەپێچەوانەی هەستی کۆمەڵایەتییەوە). لەکاتی ئەم نووسینەدا، زۆر پێناچێت هیچ یەک لەدوو رابەرە کوردییەکە هیچ پاڵپشتێک لەجوڵانەوەی ریفراندۆم بکەن. بەلەربەرچاوگرتنی بێبایەخی نەزمە دەستوورییەکان لەرابردووی نزیکی عێراقدا، زۆر پێناچێت کە نووسینەوەی دەستوور خۆی لەخۆیدا وەفاداریی کورد، یان لەو بوارەدا بۆ هەرگروپیکی دیکەی دانیشتووانەکەی عێراق، مسۆگەرناکات. لەوانەیە بەشێوەیەکی وابێت کە دابەشبوونێکی عادیلانەی جیۆگرافی بۆداهاتی نەوت بەشداریی بکات لە هێنانەدی جێگیریی و ئاشتی رێژەیی لە وڵاتەکەدا. لەعێراقێکی بەنەوت دەوڵەمەند، هەروەک پێشتر لەکوردستانی عیراقدا روویداوە، دەستکەوتەکانی ئاشتی زۆر گەورەترە لەقازانجەکانی شەڕ، هەروەها لەم سەربەنەشەوە، عێراق لەزۆنەکانی دیکەی جەنگ یان جەنگی ناوخۆیی ناچێت. بۆنموونە بەراوردبکە، بەردەوامی ناجێگیریی لەدەریاچە مەزنەکانی ئەفریقا یان ئەفغانستان، لەویٚ کەم بەرهەمهێنان یان دەستکەوتنی شمەکە نایاساییەکان، پێویستی بە کەمێک یان هەرهیچ ژێرخانێکی بەپیشەسازییکراو نییە. لەرابردوودا، داهاتی نەوتی عێراق زۆرجار سەرچاوەی ناکۆکیی و دابەشبوون بوو، بەڵام پاش ئەوەی دابەشکردن بەشێوەیەکی یەکسان بەدەزگایی دەکرێت، لەوانیە ببێتە سەرچاوەی جێگیریی و یەکگرتوویی. بەدەر لەوەی ئاخۆ شێوەی پیشەسازیی نەوتی خۆماڵییکراو وەردەگرێت یاخود کۆمەڵگای پشکدارshareholder society. هەروەک "جەبار (٢٠٠٤)" پێشانیداوە، پێدەچێت کە یاخیبووە زێدە

توندوتیژەکان درکیان بەوە کردبێت، بەئامانجگرتنیان بۆ سێکتەری نەوت بەشێوەیەکی مەبەستدار گەواهییە بۆ ئەوە. هەرچەندە، ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەبێت واببینرێت، کە ئاوەدانکردنەوەی سێکتەری نەوت وەک ئەوەیە کە دەرمانی تەواوی دەردەکانی عێراق بێت. هەتاوەکو ئاسایشی گشتی نەبێت، رێژەی بێکاری بەرزبێت، بەشداریی سیاسی بەشێوەیەکی سنووردار بمێنێتەوە، ئەوسا ئەگەری هەمیشەیی ئاڵۆزیی و پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان بوونی دەبێت. نابێت ئەو جێگیرییە رواڵەتییەی پەیوەندییەکانی مەحسوبییەتی بەدەزگاییکراو کوێرمان بکات لەحاست هەموو ئەوانەی کە هەستدەکەن ترۆکراون و دوورخراونەتەوە یاخود کەمتر لەبەش و مافی خۆیان پێدراوە، ئەو پایەیەی پاش ململانێ لەکوردستانی عێراق، نابێت رێبەرێکی هەڵەبێت بۆ حوکمێکی لیبراڵی یان نیولیبراڵی هارمۆنی.









## تێبینییەکان

کۆپییەکی ئەم نووسینە دراوەتە: وۆرکشۆپی نێونەتەوەیی (پاش) ململانێ و پێکهێنانەوەی شوێن و فەزا. سوپاسی بەشداربووانەی وۆرکشۆپەکە دەکەم، بەتایبەت حەمیت بوزراسلان بۆ کۆمێنت و رەخنەکانی.[ دوا کۆپی ئەم نووسینە لەساڵی ٢٠٠٥ لە بەرگی ٢٦ی گۆڤاری وەرزیی جیهانی سێیەم بڵاوکراوەتەوە].

[1] گەڕانەوەی پاشتری ئەنسار لەبەشەکانی دیکەی عێراقدا، پێویست نییە کە گەڕانەوەی هەمان گروپی یەکگرتوو و هەماهەنگ بێت. بەڵام زیاتر لەوانەیە کە پێکهێنانەوەی هاوپەمانییەکی بەرفراوان و شلوشێواوبێت لەتاک و تاقمە ئیسلامییە رادیکاڵەکان کە خاوەن ئایدیاو تاکتیکی هاوشێوەبن. لەوەش زیاتر، وەک لەخوارەوە مشتومڕی لەسەردەکەم، پێکداداچوونێکی گەورە لەنێوان بەرگریی چەکداریی و رەوایەتیی ئاینی یان نەتەوەیی هەیە لەگەڵ شێوەکانی تاوانی رێکخراو کە بەتوندی هاندەری ئابوورییان لەپشتەوەیە.

[2] لەراستییدا، هەندێک لەسیاسەتکارانی ئێستاکەی عێراق سەیری ئەزموونە کوردییەکە دەکەن بۆئەوەی لەهەڵەکانییەوە فێربن. بۆئەوەش (غەسان عەتییە) پێی راگەیاندم کە تیمی کاری هەڵبژاردنەکان، لەهەڵبژاردنە هەرێمییەکەی ساڵی ١٩٩٢ی کوردستانی کۆڵیوەتەوە بۆئەوەی خۆی لە کەموکورتییەکانی ئەو ئەزموونە ببوێرێ ( وەک ئەوەی سەرکردەکان لەدەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بن، هەروەها دروستکردنی جەمسەرگەرایی بەهۆی بەرزکردنەوەی رێژەی دەنگهێنان، رێگە جیاوازەکانی یارییکردنیش بەئەنجامەکانی) لەسەر ئاستی نیشتیمانی.

[3] بۆ شرۆڤەی کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری گرێدانی هەرێمە کوردییەکە بەعێراقی بەعسەوە بڕوانە: Leezenberg (1997).

[4] بەهەمان شێوە، عێراقی سەدامیان وەک "دەوڵەتێکی گەنجینەی تۆکمە" بەبەراورد بە جەزائیرو سوریا وەسفکردووە. کە دەستەبژێرێک حوکمی دەکات خاوەن بنکەیەکی بەرتەسکە، ئەوانەی کە زیاتر لەرێگەی ناچارکردنەوە حوکمی دەکەن تاوەکو پەسەندکردن. بەلام ئەوە تەنیا دەوڵەتی بەعس لەعێراق نییە کە بنکەی جەماوەریی گەورەی لەرێگەی ئەندامگیری حیزبییەوە پێکهێنابوو، بەڵکو بەکارهێنانی توندوتیژیش بەهاندەری ئایدۆلۆژیی بووە تاوەکو ئەوەی کە بەهۆی بەرچاوی رەوایەتییەوە بێت.

[5] Faleh Abdul Jabar, report summary, ‘Formative forces in the development of the modern Iraqi state’, available at :http://www.usip.org/fellows/reports/2004/0415_jabar.html
.

[6] ئەوە روون نییە کە تا چ ئاستێک هەرێمە کوردییەکە لەم بارەیەوە جیاوازبوو. ناوچەکە لەماوەی زۆربەی نەوەتەکاندا لێشاوێکی بەرفراوانی دراوی قورسی تێرژاوە کە لەخزمانەوە لەهەندەرانەوە دەهات (ئەم تێرژانە دارایییە تارادەیەکی زۆر لەو هاوکارییە بیانییە مرۆییانە سەربەخۆبوو کە بایەخی لەوە کەمتر نەبوو). بەڵام ژمارەی فەرمی سەبارەت بە ئاست و گەشەی جوڵەی ئەم فەندە نافەرمییە لەبەردەست نییە.

[7] "بارام" سیاسەتی رژێم لەساڵانی ١٩٩٠کاندا باسدەکات، بەڵام ئەوانەی ساڵانی ١٩٨٠کان پشتگوی دەخات. هەروەها ئەوە تەواو راست نییە کە وەسفی پەیوەندییە خێڵەکیی و وابەستەییەکانی دیکە وەک پەیوەندی "سەرەتایی" بکرێ، هەروەک ئەوەی کە فالح عەبدولجەبار بۆنموونە کردوویەتی. قسەکردن لەدەوڵەتە "سەرەتاییەکان" کە بەرامبەر بە دەوڵەتە "مۆدێرنەکان"ە تارادەیەک لەگریمانەیەکی تیۆری نوێی چەواشەکارانەوە سەرچاوە دەگرێت. Baram (1997)

[8] لەنێو شتەکانی دیکە بڕوانە دیدی ستوارت هامشیر: Stuart Hampshire’s (2000) بۆ دادپەروەریی وەک ململانێیەک

لەئاکاردا، هەروەها بیری : کارڵ شمیتس Carl Schmitt’s (1976) جیاوازیی هاوڕێ-دوژمن وەک پێوانەیەک بۆ سیاسەت. هەروەها بەتایبەت بڕوانە: .(Foucault (2002

[9] من لێرە مشتومڕ لەسەر ئەو پرسیارە ناکەم کە ئەم مۆدێلە ورووژێنەرە، بەڵام زیاتر تاک لایەنە، لەکۆمەڵگا بەهەموو ئاڵۆزییەکانییەوە، لەگەڵ عێراقدا دەگونجێت. من تەنیا وەک ئامرازێکی ڕێنیشاندەر بەکاریدێنم و نابێت ئەم هەڵوێستە وا وەربگیرێت کە پەدانی شەرعییەتە یان کەمکردنەوەیە لە بایەخی پێشێلکارییە جۆربەجۆرەکانی مافی مرۆڤ و مەترسییەکانی لەهەندێک کاتدا، لەگەڵ کارە توندوتیژییەکانی ناوچەکە کە لەچەند دەیەیەکی ماوەی پێشوودا بەخۆیەوە بینیوە.

[10] بۆ خشتەیەک کە بەدواداچوون بۆ کەمبوونەوە پلەبەپلەکانی پێدانەکانی دەوڵەت بکات ، بڕوانە: .(Hafeed (1993: 40

[11] ئەو تاوانبارکردنە لەلایەن تورکیاوە ئاراستەی ئەم کەمپە کراوە سەبارەت بە چاوپۆشیی لە چالاکی پەکەکە بەتەواویی بێ بنەما نییە. ئۆفیسی کاروباری پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR چەندین جار ناڕەزایەتیی دژی بەکارهێنانی ئاشکرای ئاڵاو سیمبوڵەکانی پەکەکە لە کەمپەکەدا دەربڕیوە. لەپاش چوونە ناوەوەی سوپای تورکیی لەساڵی ١٩٩٥دا، پەنابەرەکان بۆ مەخموور گواسترانەوە کە لەندەستی حکومەتدایە. ئەوان لەو کاتەوە لەوێ ماونەتەوە. لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەو پەنابەرانە بەتەواوی ئامادە نەبوون بۆ نیشتیمان بگەڕێنەوە. ژیانی ناو کەمپەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەشەیکردووەو خوێندنیش تیایدا بەزمانی کوردییە. بڕوانە : IRIN-Asia, 12 May 2004

[12] لەیۆنیۆی ٢٠٠١دا، نێچیرەڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتە هەرێمییەکە کە پارتی ڕابەری دەکات، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندای کردووە بۆئەوەی سەبارەت بەم

بابەتانە گفتوگۆ بکەن.

[13] بەگـــوێرەی دەزگـــای گەشـــەکردنی کوردســـتان کەلەلایەن سیاســـەمەند بـــانەوە ســـەرۆکایەتیی دەکرێـــت کە ســـەربەپارتییە، بەرهەمـــی کشـــتوکاڵی ســـالانە لەکوردســـتانی عیـــراق بەرزبـــۆتەوە بـــۆ ٧٣٦٠٠٠ تـــۆن گەنـــم و ٣٧٥٠٠٠ تـــۆن جـــۆ لەســـاڵی ٢٠٠٢دا، بەبەراورد بە ١٤٢٠٠٠تـــۆن و ٤٤٠٠٠تـــۆن لەســـاڵی ١٩٨٩دا. وێـــڕای ئەوەش، پێـــدەچێت ئەم ژمـــارانە زێـــدەڕۆیی لەگەشـــبینی تێـــدا بکرێـــت لەســـایەی بەردەوامـــی لاوازبـــوونی کشـــتوکاڵ بەهـــۆی دابەشـــکردنی خـــۆراک لەســـایەی بەرنـــامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا.

KDC News, 19 March 2004, at www.kurdistancorporation.com .

[14]بـــژاردەی بیزنســـی کـــوردیی ئێســـتاکە زیـــاتر روویـــان لە بریتانیـــایەو بـــــنکەو نوێنەرایەتییـــــان زیـــــاتر لەوێ هەیە تـــــاوەکو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

[15] Nick Birch, ‘Tourism thrives in Kurdish north’, Washington Times, 8 August 2004, at http:// www.washtimes.com/world/20040807-112348-1747r.htm.

[16] بـــۆ ســـەرنجێکی گشـــتی زیـــاتر ســـەبارەت بە هەوڵەکـــانی هاوکـــاریی مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، بڕوانە: .Leezenberg (2000)

[17] بەشـــێوەیەکی تێبینیکـــراو، پێـــدەچێت ناوەڕاســـتی ســـالانی ١٩٩٠کـــان، ئەو مـــــاوەیە بێـــــت کە پشـــــێویی کـــــۆمەڵایەتی لەعێراقـــــدا کە لەژێـــــر کـــۆنترۆڵی حکومەتـــدا بـــوو بـــۆ ئاســـتێکی بەرز هەڵکشـــا، تـــاوانی رێکخـــراو تیایـــدا لەبەهێزتـــرین دۆخیـــدا بـــوو. پەیوەنـــدی شەخســـی، چاودێرانی خۆجێی.

[18] هەمـــــوو ئەوە وادەکـــــات قســـــەکردنی بەرفـــــراوان لەمیـــــدیاکانی رۆژئـــــاوادا ســـــەبارەت بە جیـــــابوونەوەی کـــــوردیی و ئەگەری کـــاردانەوەی تونـــدی بـــاقی دیـــکەی خەڵکـــی وڵاتەکە، بەتـــایبەتی دەوڵەتـــانی دراوســـێ، شـــتێکی تیـــۆریی بێـــت. بـــژاردە نـــوێیەکەی حیـــزب پاڵپشـــتێتی لەبـــاکوورە کـــوردییەکە، کەمتـــر بەرژەوەنـــدی لەدەوڵەتـــی

ســـەربەخۆی داخـــراودایە وەک لەو بـــایەخەی بەپاراســـتنی جیـــاوگ و قازانجەکانی ئێستایدایە.

[19] وەرگیراوە لە :
Jim Muir, ‘Kurds grit teeth for US strike’, BBC World Service, at http://news.bbc.co.uk/2/ hi/world/middle_east/2074787.stm.

[20] مـــن ئەو گریمـــانەیەم رەخـــنە کـــردووە کە دەڵێـــت مەحســـوبییەت بەگوێرەی پێناسەکەی نافەرمییە لە: Leezenberg.دا.

[21] چـــــاوپێکەوتن لەگەڵ رۆشـــــنبیرێکی ئۆپۆزســـــیۆنی لۆکـــــاڵیی. هەواڵـــدەرێکی دیـــکەی لۆکـــاڵیش دانـــی پێـــدانا کە بەرپرســـێکی مـــام ناوەنـــدەی ریزەکـــانی یەکێتیـــی نیشـــتیمانی کوردســـتانە، بـــێ ئەوەی شـــەرم بکـــات رایگەیانـــد کە وەســـتاندنی کـــاری دوژمنکـــارانەی نێـــوان حیـــزبەکەی و بـــزوتنەوەی ئیســـلامی بەوشـــێوەیە مســـۆگەربووە کە: مانگانە پارە بدەن بە ئیسلامییەکان.

[22] بڕوانە:
Oxford Research International, National Survey of Iraq, February 2004, at http://news.bbc.co.uk/ nol/shared/bsp/hi/pdfs/15_03_04_iraqsurvey.pdf.

[23] WKI news summary, 8 October 2004 بەڵام بەگـوێرەی ســـەرچاوەی دیـــکە، بـــزوتنەوە کە بەدوای یەکێتـــی نیشـــتیمانی دەســـتیکرد بەفشـــار لەســـەر پـــارتی، بەوەش بـــوارێکی بەخشـــییە هەردوو حیـــزب کە مانۆڕی زیاتر لەسەر شانۆی نیشتیمانی بکەن.

[24] بـــۆ دەســـــتکەوتنی ســـــەرنجێک ســـــەبارەت بە چڕبـــــوونەوەی قاچاخچێتیی بە پەنابەرانەوە لەتورکیا ، بڕوانە:
Akinbingo ¨ l (2003: esp chs 6 – 8).

[25] دیسانەوە بەراوردکاریی لەگەڵ ئەزموونەکانی دیکە بەسوودە، (بیاتریم هیباو Beatrice Hibou (1999)) لەوبارەیەوە مشتومڕ دەکات کە ریفۆرمەکانی نیولیبراڵی لە ئەفریقا شکستیهێناوە. چونکە ئەوان نکۆڵییان لەبوونی (دەوڵەتی سێبەر Shdow State) ی نافەرمی کردووە وەک پایەیەکی کاریگەری ئابووری. لەکوردستانی عێراق، دەوڵەتی سێبەر، تارادەیەک لەگەڵ دەزگاکانی ئەو دەوڵەتەی بنیاتنراوە، تێکەڵبووە وەیاخود پێیەوە بەستراوەو گرێدراوە.

[26] بەوەش بەدرێژایی دەیەی پێشوو، تورکیاو ئێران لەکاتی جیاوازدا پشتگیریی چەندین لایەنی جیاجیای باڵادەستیان لەکوردستانی عێراقدا کردووە وەک پارتی و یەکێتی و لایەنە تورکومانە جۆربەجۆرەکان، هەروەها سوونەکانیش، لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق و هەندێک لەقە فرە رادیکاڵ و توندڕەوەکان (کە بەناوبانگترینیان جوندولئیسلام و ئەنسارە)، هەروەها موقتەدا سەدری جوڵانەوەی شیعە. هەتاوەکو حکومەتێکی بەهێز لەبەغدا پەیدا نەبێت و لەعێراقیش بەگشتی، زەمینەی ئومێدێکی کەمتر هەیە هەتاوەکو وڵاتانی دراوسێ دەستوەردانیان لەوڵاتەکەدا بوەستێنن.

[27] نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر جەختیکردەوە کە دەسەڵاتدارانی کوردیی ٣٥٠٠ دۆلاریان داوەتە ئەو خێزانانە بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک.

J Banbury, 'Rage and danger in Kurdistan', The Salon, 22 July 2004.

هەروەها بڕوانە راپۆرتی هیومەن رایتیس ۆچ:

Human Rights Watch report, Claims in Conflict: Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq, at http://hrw.org/reports/2004/iraq0804/.

[28] بۆ رووداوەکانی فەلوجەو سامەڕا بڕوانە:

M Howard, 'Kurds flee Fallujah in fear', Washnigton Post, 7 May 2004, at http://washingtontimes.com/world/20040506-110737-5615r.htm.

George Packer, 'The next Iraqi war', The New Yorker, 4 October 2004, at http://newyorker.com/ fact/content/?041004fa_fact.

# سەرچاوەکان

Akınbingo¨ l, O¨ F (2003) Knooppunt Istanbul: Mensensmokkel via Turkije (Amsterdam: Meulenhoff Documentair).

Baram, A (1997) Neo-tribalism in Iraq, International Journal of Middle East Studies, 29, pp 1 – 31.

Bozarslan, H (1996) Le Kurdistan: e´conomie de guerre, l’e´conomie dans la guerre, in: F Jean & J-C Rufin (eds), E´conomie des guerres civiles (Paris: Hachette).

Castells, M (1996) The Information Age I: The Rise of the Network Society (Oxford: Blackwell).

Chaudhry, KA (1991) On the way to market: economic liberalization and Iraq’s invasion of Kuwait, Middle East Report, May– June 1991, pp 14 – 23.

Chaudhry, KA (2002) Consuming interests: market failure and the social foundations of Iraqi e´tatisme, in:

K Mahdi (ed), Iraq’s Economic Predicament, pp 233 – 266 (London: Ithaca Press).

Foucault, M (2002) Society Must be Defended (New York: Picador).

Hafeed, S (1993) The embargo on Iraqi Kurdistan, in: F Hussein, M Leezenberg & P Muller (eds), The Reconstruction and Economic Development of Iraqi Kurdistan: Challenges and

Perspectives. Proceedings of the International Conference on the Reconstruction and Development of Iraqi Kurdistan, Zeist, The Netherlands, September 4 – 6, 1992 (Amsterdam: Stichting Nederland-Koerdistan).

Hampshire, S (2000) Justice is Conflict (Princeton, NJ: Princeton University Press).

Henry, CM & Springborg, R (2001) Globalization and the Politics of Development in the Middle East (Cambridge: Cambridge University Press).

Hibou, B (1999) 'The ''Social Capital'' of the State as an Agent of Deception, or the Ruses of Economic Intelligence', pp 63–113, in: J-F Bayart, S Ellis & B Hibou, Criminalization of the State in Africa (Indianapolis: Indiana University Press).

Jabar, FA (2004) Postconflict Iraq: A Race for Stability, Reconstruction, and Legitimacy, Special Report 120, United States Institute of Peace, available online at: http://www.usip.org/pubs/specialreports/ sr120.html.

Leezenberg, M (1997) Irakisch-Kurdistan seit dem zweiten Golfkrieg, in: C Borck et al (eds), Ethnizitä̈t, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan, pp 45 – 78 (Mu¨ nster: LIT Verlag).

Leezenberg, M (2000) Humanitarian aid in Iraqi Kurdistan, Cahiers d'e´tudes sur la Me´diterrane´e orientale et le monde turco-iranien (CEMOTI), 29, pp 31 – 49.

Leezenberg, M (forthcoming) Urbanization, privatization, and patronage: the political economy of Iraqi Kurdistan, in: FA

Jabar & H Dawod (eds), Tribes and the State: The Case of the Kurds (London: Saqi Books).

Perthes, V (2002) Geheime Ga¨rten: Die neue arabische Welt (Berlin: Siedler).

Rubin, R (2003) The Fragmentation of Afghanistan (New Haven, CT: Yale University Press).

Schmitt, C (1976) The Concept of the Political (Rutgers, NJ: Rutgers University Press).

Tilly, C (1986) War making and state making as organized crime, in: P Evans et al (eds), Bringing the State Back In, pp 169 – 191 (Cambridge: Cambridge University Press).